
# لە چەشنی ژیان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ وبڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# له چەشنی ژیان

سەلاح نیساری
بابەت: کورتە چیرۆک
پیتچن: شاسەنەم
نەخشەسازی بەرگ و ناوەرە: ئەکرەم محەمەد و ئاشنا جەمال
سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
قەبارەی کتێب: A5
زنجیرە ی گشتیی کتێب 988
تیراژ: 500 دانە
چاپ: چاپخانەی کەمال
نرخ: 2000 دینار
ژمارەی سپاردنی(1783)ی ساڵی 2013ی وەزرەتی رۆشنبیریی و لاوان دراوەتێ.

... بۆ باب و ئاواتە سەورەزکانی

هەر ئەو هیوایانە بوونەتە هۆی مانم ...

## نێوەرۆک


خێرومەند.................................................. 5
ژنراڵ........................................................ 8
داهۆڵێکی بێ سێبەر..................................13
ئازاری دەروون.......................................... 18
پێڵاو نا؟!................................................. 22
پێنج تابلۆی بێچوارچێوە......................... 27
گوڵەکانی هیوا "با" بردی..........................33
پردی سوور............................................... 35
شاری یاران.............................................. 38
ئەو پاڵەوانەی بوو بە هەتاو.................... 40
سەرلانکەی ڕەش..................................... 44
دەروازەی زێڕین....................................... 48
دەنگی چەپڵە و نێردیوان......................... 52
چارشێو.................................................... 54
مەلەوان و خەونی خەڵک..........................57
ئەستێرەیەک وەکوو...................................62
خولیا ...........................................................83
گەڕانەوە ......................................................86

# خێرومەند

«کارێکت هەر بە من دەبێ» ئەمەی وت و چاوی لە چاوم بڕی ئیتر مقەستی دەمی لێکنەنا.

« ڕۆژێک حەوجێت دەکەوێتە من! کەس نیە لەم شارەدا کاری بە من نەبووبێ! ئەگەر قوولّی وەخوێنم سێ دانگی مالّ و حالّیان وەبەر من دەکەوێ، ئەمڕۆ ناسبەینێ سبەی نەبێ دوو سبەی و...»

ئەوەی بە هەموو کەس دەگوت. ئاوەڕۆی ڕێگاکەم بەبەر دووکانەکەیدا بوو، هەر بۆیە ڕۆژ نەبوو چاوم بە چاوی خێرومەند نەکەوێ مەگیرانی بەو ڕۆژە دەکرد، دەستی نیازی بۆ لا درێژ بکەم.

سالّەهایە ئەم فەرمایشتانەی لە گوێم دەسرەوێنێ. تەنیا بۆ جارێکیش داوای دەست بارێکم لێنەکرد.

دوانیوەڕۆیەک لەبەر دووکانەکەیەوە رادەبردم، دە بۆسەی کەوتم قۆلّی کێشام بەو نیازەی هەر چۆنێک بێ بەرمنەتم بکا لێم بوو بە حەسەن میراوایی زۆری بە بەردا خوێندم، کە میشم لێ وەرنەگرت! لە تاریفاتی خۆی راچوو:

«بەسەری ئەو خێرومەندەی (دەستی لەسەری خۆیدا) هەر کارێکت بێ لە خزمەت دام. قوڕەکاریت بە دەستەوەیە پێداویستی خانووبەرە چیە دەی ئێمە ئیختیارت زۆرم هەیە ئەوندە بەسە قامک هەلّێنی، چت گەرەکە لە خشت و ئاسن لە سیمان و کاشی، بەردی مەڕمەڕ، فاعلە و وەستا».

چاوی لە چاوم بڕیبوو، مەحتەل بوو شتێک بلّێم. متەقم نەکرد وتی: «ژن بۆ کوڕت دەهێنێ؟ هەر چیت دەوێ مالّی خۆتە! کەس دەستت وەڕێناهێنێ جل و بەرگ، زێڕ و زیو، ماشێنی بووکگوێستنەوە. تالار و جێوڕێی زەماوەند بە ئاشپەز و چاپەزەوە، بە تیپی دەهۆلّ و زوڕناوە پوولّی نەغدیش چەندەت دەوێ بەسەرچاو».

ئەو قسەی بە تاق نەدەهات منیش لاقم لەسەر لاقم دانابوو. گوێچکەم لە ئیجارەی خێروەمەنددا بوو لە پەنجەرەی دووکانەوە بۆ چەند چرکە چاوی تامەزرۆی ڕەوانەی ئەو

بەری شەقامە گڕوێکە کرد. بێئەوەی چاو بترووکێنێ زەق زەق لێمرامابوو، دیسان هۆی داوەسەرخەت:

«ئەو ساڵ بێتەوە ساڵێکی خۆش دەبێ! زەوی و زار ناهێڵێ پیاو شەرمەندی بازاڕ بێت. چت دەوێ داوا بکە.

تەڕاکتۆر تووچێن، رەدیفکار، ترێلی، ماڵوو، سەمپاش، کۆمباین، ئاوبارانی، خەرمانکوت...»

هێشتا سێرەی چاوی لەسەر چاوم بوو. دەستی برد لە ساردوگەرمەکەی پەنای چایەکی ترساوی بۆ تێکردم. لەو ماوەیەدا نەمدی جارێک چاو بترووکێنێ! دەستی درێژ کرد کلیلی چراکانی لێدا بە جارێک چوار پێنج گڵۆپ گیانیان وەبەرهات. ئەوەی هاتبایەژووری بە شەوارە دەکەوت.

«نیازت بە هەر ئیدارە و بنکە و ناوەندێکە تۆ موشکیلەت بڵێ، ئیتر کارت نەبێ! وامت دەوێ، دەست بەجێ! کارەبا هەر فەوری! ئاوی لوولەکەشی عەلەن سەعات! ویزا و پاسپۆرتی هەندەران، بێمەحتەل بوون»

لە مێژ بوو کلۆیەک قەند بە دەستمەوە بوو بە ئارەقەی دەستم خەریک بوو دەتوایەوە. بە ئەسپایی خستمە نێو چایەکەوە خۆم لێگێل کرد.

«نەخۆشتان هەیە؟ یان هەر کارێکت بە حەکیم و دوکتورە بە بێراوەستان و نۆرەگرتن خزمەتکارم، باری کار و ئەرکت لەسەر شانم دادەنێم بە چاوان جێبەجێی دەکەم»

لەم ماوە نەکەم نە زۆرەدا، نە من دیتم ئەو چاو بترووکێنێ و ماکینەی زمانی راوەستێ. نە ئەویش بیستی بەڵێیەک لە زمانم هەڵخلیسکێ نە سەریشم داخستبێ و لەبەر پێی رامابم.

باوەڕیشی نەدەکرد ئەگەر زار هەڵپچڕم زمانم گەزێک لە زمانی ئەو درێژترە، ئیدی چاوی لێزەق بوو وەختێ گوتم: «نامهەوێ زەحمەتت وەبەر بدەم! چونکە ئەوندە قوڕەکاری دەکەم جێی حەسانەوەم هەبێت، سێ بەری خانووەکەشم بەسەر ماڵاندا نەشکێتەوە، کوڕەکەشم وەختێ دانیشگای تەواو کرد ژنی دڵخوازی دەگوێزێتەوە بۆ ماڵی خۆی قورساییش ناخاتە سەر شانی من.

زەویەکەشم دا چاندووە و ئاو داشتنی بە خودا دەسپێرم کارم بە هیچ ئیدارەیەک نیە، سوت و سەلەمیش ناکەم، ویزای سەفەرم بەخۆڕایی بدەنێ نەمگەرەکە، ئەورووپاش هەر بۆ خۆت، بە دۆیی خۆشم رازیم، (گۆشتی لاڕانم دەخۆم منەتی قەساو هەڵناگرم) لەگەڵ پاک و خاوێنی نێوانمان زۆر خۆشە و ئەوندە ناخۆم هێق بکەمەوە هێندەش خۆ ماندوو ناکەم شەکەت و کەلەلا بکەوم، زۆریش ناخەوم بماسێم کەمیش سەرجێی دەکەم با لاتەی سەرم نەیات. چایەکەی منیش تۆ بیخۆوە با خەسار نەبێ!»

قسەکانی من هێشتا گەرمە تەندوور بوون، خێرومەند لاق و دەستی سارد یۆوە! هاوارم کرد:

«خێرومەند، خێرومەند! کوڕە خۆ من داوای هیچم لێنەکردی ئەتۆ بۆ...»

## ژنراڵ

تازە تەپ و تۆزەکە نیشتبۆوە بەڵام ئاسمان هەروا لێڵ بوو."ژەنراڵ" پاڵی بە شانی کێوە بریندارەکەوەدا چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، بزە لێوی تروکاند. کەچی ئەوەی لە دڵیدا بوو نەیدرکاند. خاتوون تۆزی سەر عەکسەکەی سڕی و کردییەوە بە ملی دیوارەکەدا، نەختێک کشا دواوە و دانیشت، بە چاو و دڵ لە عەکسەکەدا نوقم بوو...

ئاورەکەی بەر دەمی خەریک بوو گیان بدات، بڕیک چلیکە و چاڵی خستە سەر خۆڵەمێشەکە و چەند جارێک فووی لێکرد. دووکەڵ خۆی لوول کرد، چاوی ژەنراڵ پڕ بوو لە ئاو، بڕێکی دیکەشی قالۆر و دڕک و داڵی هاویشتە سەر، گڕەکە باڵی گرت، چاوی ژەنراڵ بە سەر ئاورەکەوە قەتیسما. بۆ چەند دەقیقەیەک دووکەڵە مردووەکەی هەڵمژی، لەبەر خۆیەوە وتی:" ئەو جارە کە هاتمەوە، تەلەفیزیۆنەکەشت بۆ چاک دەکەمەوە، جارێ پەلە مەکە..."

نەختێک ماتبوو دیسان دەستی دەکرد بە خۆش کردنی ئاگرەکە، هەتا ژەنراڵ کەیفی ساز دەبێ، خاتوون تاڵە سپییەکانی لە بن دەسماڵەکەی بشارێتەوە، چرچ و لۆچی دەستی...، ڕوومەتی... هەناسەکانی.

"ژەنراڵ بریا بمزانیبا دڵی تۆ دارە... بەردە... چیە؟ تۆ خەریکی چی و بیر لە چی دەکەیەوە؟"

چەند قول گژ و گیای وشکی ڕنیەوە و خستیە سەر ئاگرەکە. هەرچی وە بەر دەستی هاتبا ئاوقای نێو ئاورەکەی دەکرد، دار... بەرهد... قالۆر... لاسکی گەنمە شامی... بڕکەی بێستان... هەڵاش... چرپی وچاڵ، تەڕ و وشکی بە یەکەوە دەسووتاند. چاوی بە سەر ئاگرەکەدا داپچڕیبوو، لەناکاو گوڕاندی:" بۆ پێشەوە... لێیان دەن... مەهێڵن سەر هەڵێنن... دەی ئەستۆتان بشکێ"

سەربازەکان بە گژ ئاگرەکەدا چوون لە نێو دووکەڵەکەدا ون بوون. ئاورینگ سنگی شەوی دابێژا، دووکەڵ وە سەر ژەنراڵ کەوت. دەنگی کوندەبوو هات، شۆقی ئاورەکە دووکەڵی لە سەر ژەنراڵ لستەوە، سەروچاوی ژەنراڵ لە تۆپەڵێک خوێن دەچوو. سەربازەکان لە ئاگرەکەدا توانەوە، گڕی ئاور بە قەت باڵی ژەنراڵ هەڵچوو، شانی کێوەکە بریقەی تێکەوت. ئەستێرەکان بە شەوارە کەوتن، ئاگر هۆمەنی بۆ چیاکە برد. زمانی لە تاریکی دەرکێشا، ژەنراڵ نەڕاندی:" بیژووە سەگانە، حەیفە لەو نانە ئێوە دەیخون" دووکەڵ پێچ و لوولی بوو، ژەنراڵ باوەشێکی وشکەڵ هاویشتە نێو ئاگرەکەوە، خەرمانەی ئاگر کەندەڵانی خستە نێو خاڵگەی شەو. " خاتوون! هەتا ساعاتێکی دیکە دەچیتە لای دوکتۆر! لە مێژە نۆرەم بۆ گرتوویەوە!" کوندەکە بێدەنگ بوو. ژەنراڵ کەوتە دڵەخورپەوە، بڕێک مات بوو، بە لقە دارێک ئاگرەکەی تێک وەردا" خاتوون! ئەتۆ سەبرت هەبێ سەبر..." کوندەبوو چەند جار لە سەر یەک دەنگی هات. گرمەیەکی توند، کێوەکە نرکاندی، ڕێزێک گابەرد خێزەرەی کرد، لە سەر دڵی دەشتەکە چۆکیان دادا. "ژەنراڵ! ئای چەندە بێ مشووری! سبحەینێ..." قسەکەی لە دەم سەند" ماڵت خەرا نەبێ! دنیات لێ بۆتە چەرمی چۆلەکە! ددان بە جەرگی خۆتدا بگرە!" شۆقی ئاگرە کە مرد و دووکەڵ ئاسمانی خنکاند، جارجار بەورینگ بە سەر سەری ژەنراڵدا کرێوەی دەکرد. بە تووڕەییەوە ملی بێسیمەکەی ڕێک گوشی:

" مەگەر ئێوە لە گوێی گادا نوستوون! پێتان وایە لێرە دەهوڵ و زۆرنا دەکوتن... سەرباز بنێرن... دەستوبرد کەن"

" خاتوون! بەس بۆڵەبۆڵ بکە... کونە جەرگت کردووم"

شەو و سەرما بە سەر ژەنراڵدا داباری، لەناخەوە هەستی بە سەرما کرد. وەک ژیشک خۆی خڕ کردەوە، لە دڵی خۆیدا وتی:" گۆم هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشەترە... ناهێڵم ئاگرەکە سارد بێتەوە!"

جارێ هەتاکوو خاتوون وازی هێناوە ژەنراڵ لە فکری خۆشکردنی ئاگرەکەدایە، وەک بڵێی لە کاروان بەجێدەمێنی، بە پەڵەپڕووزێ پۆلووەکانی تێکوەردا، دووباوەشی هەژگەڵ بە گژ ئاوەرکەدا کرد. دووکەڵ خۆی لە چنگ ئاور ڕاپسکاند و پۆلێک ئەستێرەی خنکاند. "ژەنراڵ! دوکتۆری ئەم شارە کار و پیشەیان درۆیە، پووڵی کفن بگا مردوو گۆڕ بە گۆڕ بێ" لەپڕ ڕەوەیەک بەرد خلۆر بوونەوە، ژەنراڵ هەناوی تێک ڕووخا، گوڕاندی:

" بۆ نابزوون گێژ و وێژانە! دەی ڕاپەڕن... دوژمن لە هەڵاتنە... لێیان دەن... لێیان دەن"

بڵێسەی ئاور لە سەر پشتی شەو خەریکی دەباغی کردن بوو. دەموچاوی ژەنراڵ ڕەشتێکی ئاماڵ سوور.

" ژەنراڵ بەم زووانە دێیەوە؟! دەزانی چەندەت بیر دەکەم؟"

سەربازەکان وە نێو ئاگرەکە کەوتن.

" خاتوون! جارێ سەبرێک بگرە... ئەگەر هەر زانیمان..."

قسەکەی سەر بڕی، باوشێکی دیکەی فڕێدا سەر ئاورەکە، گڕەمشقان هۆمەنی بۆ تاریکی و داوێنی ئاسمان برد. بەورینگ وەک پەڕ و باڵی ڕ یشۆڵە و کۆتری سەربڕاو کڕێوەی کرد. هەر چەند کێوەکە لە چەند لاوە خرمەی کەوتێ کەچی هێشتا سەری لە هەوران بوو.

"خاتوون! تۆ چەندە کەم جیکەڵدانەی، تۆزێک سەبرت هەبێ... لەو دەرد و پەژارەیە ڕزگارت دەکەم"

ئاسمان بوو بە ڕەشتێکی ئاماڵ سوور، ژەنراڵ دوو سێ مستی لە سنگی بێسیمە کە سرەواند: (عەکسی ژەنراڵ بە ئەستۆی دیوارەکەوە ڕاژا) ئەستێرەکان هەر لە برینەکانی هەناوم دەچن! ئەمە قسەی خاتوون بوو.

" بۆ لە جێی خۆتان وشک بوون... دەی پەلامار بەرن... لێیان دەن...بۆ پێشەوە کەر و گایانە... بۆ پێشەوە" چەند باوەشی دیکەی خستە نێو ئاگرەکەوە.

"ژەنراڵ! ئەگەر من پیاو بام لەگەڵ تۆ دەهاتم، منیش وەک تۆ ئێستا سەر شان و سەر سینگم پڕ بوو لە مێداڵ و چووزانم لەو شتانەی پیاندا هەڵواسیوی، ئەرێ ژەنراڵ!"

دەستی کردەوە بە تێکوەردانی ئاورەکە و هەڵمژینی دووکەڵ و چڕەچەمانەکە، دەشتەکە تارایەکی لە ئاور و خوێن بە سەر کشا.

"ژەنراڵ! ژیانیوا بە توون بێ! نە تەلەویزیۆنێک... نە ڕووناکییەک... ماڵێکی سارد و سڕ... نەچرایەک... نە هیوایەک"

پەپوولەی چاوی لە سەر عەکسەکەی ژەنراڵ گیرساوە. پشتێنەی کێوەکە لە نێو ئاگردا نوقم بوو، ژەنراڵ دەستووری بەرەو پێشەوەچوونیدا، بڵێسەی ئاگرەکە کەیفی ساز کرد.

"خاتوون! دوکتۆر مزگێنییەکی خۆشی پێداوم! بەسە ئیدی ئەو نووکە نووکە وە لانێ، ئەوەندە نێوچاوانت تێکمەنێ"

چەند باوەشی دیکە و چەند جار تێکوەردان، ئاگر نێڵەی هات.

"... ئەگەر هەتا چەند مانگی دیکە شتێکمان لێ مەعلووم نەبێ هەندەران دەگرینە بەر... خەم مەخۆ ئەتۆش ڕۆژێک..."

ئاگر هەتا سەر شانی چیاوە سەر کەوت. بەردەکان بە گڕەوە هاتنەخوارێ، تاریکی زگی کوناودیو بوو. قەت خەرمانەی مانگ لە نێو ئاورەکەدا تواوە، مانگ بۆنی دووکەڵی لێدەهات.

" ژەنراڵ زۆر دڵ نیگەرانم... پەژارەیەکی تاڵ گۆشت و ئێسقانم دەکرۆژێ" ژەنراڵ چاوی لە ئاگرەکە خافڵ نەدەکرد. جارجار بسکەی سمێڵی دەهات. سەربازەکان لە کۆشی ئاورەکەدا ون بوون. دەستووریدا چەند هێزی دیکە بگەنە مەیدانی شەڕ.

" ژەنراڵ! تۆ دەزانی چەند ساڵە بە سەر شانی سەبرەوە وشک هەڵاتووم؟! سۆمای چاوم نەما، بوومە وشکەڵە دارێک... مەفح بوومەوە... تۆ بە چ هومێدێک دڵت خۆشە؟"

ژەنراڵ دووکەڵەکەی هەڵمژی، ئۆخژنی وە بەر هات. دەشتەکە وەک دارستان وایە. دەرزی حەوا دەی لە بەر سەرباز وە عەرز ناکەوێ. ژەنراڵ دەنەڕێنێ:

" بۆ پێشەوە... ئەی بێغیرەتانە!... بۆ پێشەوە"

سەربازەکان خۆیان کرد بە نێو خەرمانەی ئاگرەکەدا.

" خاتوون! خەجاڵەت خۆم... دوکتۆر نەماوە دەستەو داوێنی نەبم... ئەو پووڵ و پارەیەی لە ئاومان کرد دەمانتوانی شارێکی پێ بگرین"

کێوەکە خۆی ڕاوەشاند. ئاگر دار و بەردی سووتاند. ژەنراڵ ئاگرەکەی تێکوەردا.

" ژەنراڵ! یاڕەبی مشکلۆزمەم بي!"

شەپۆلی ئاگر لە چوار لاوە دەوری چیاکەیدا.

" لە ژەنراڵەوە بۆ هێزەکانی ئامادە باش... لە ژەنراڵەوە بۆ... هەتا چەند ساتێکی دیکە بگەنە بەرەی پێشەوە..."

بەردە ئاگراوییەکان چەمۆڵەیان لە تاریکی شەو نا.

" ژەنراڵ! وەرە لەم ئاخری عومرەدا با چەند ڕۆژ بە یەکەوە بین"

هێزی تازە خۆی گەیاندە چیا قاڵ بووەکە.

" خاتوون! برێک سەبرت هەبێ"

ئاگر بە چواران دەوری کێوەکەدا هەڵەکە سەمای بوو. "ژەنراڵ! زۆرت زەحمەت بۆ ئەو شتانەی سەرشانت کێشاوە؟!" نە سریوەی با، نە دەنگی مەل، نە هاڕەی چۆم، تەنیا قرچە و گرمە و نیڵەی ئاگر بوو لەگەڵ شەپۆلی خوێن! " خاتوون! جا ئەوە قسەیە تۆ دەیکەی؟!" برێک لاجانگی خوراند. بە دوو دڵییەوە گوتی:" خاتوون! پێت چۆنە بچینە ناوەندی منداڵ پارێز... لەوێ..." ژنە چاوێکی لێبوو بە چوارچاو! لە ژەنراڵ ڕاما. ژەنراڵ بە ئاستەم نووزەی دەهات:" بۆ پێشە... وە..." وەختێک دڵنیا بوو کەسێک نەماوە بە دەنگییەوە بێ، ناچار بە مست لە خۆڵەمێشەکەی هەڵگرت و بە چواردەوری خۆیدا پرژاند. بەیانی کە تاو هەڵت ژەنراڵ لە سەر تەپۆڵکە خۆڵەمێشەکە وەکوو کوند هەر دوو باڵی شۆڕ کردبوونەوە.

# داهۆڵێکی بێ سێبەر

ددانت لە چیرەوە دەبەی، پیش دەخۆیەوە، لە دەنگی دڵەکوتەی خۆت بێزاری، دەماری لاملت هەڵمساوە، هەناوت وەکوو سۆبە گڕ دەپژێنێ، پلەی خوێنت لە هەڵچوونە، خوێن بەری چاوت دەگرێ، لە دڵەوە دەڵێی: "بەو دەستانەی خۆم دەتخنکێنم، لەت و کوتت دەکەم..."

سەرسپی بە دلۆڤانییەوە سەیرت دەکا، کەچی تۆ ئەو ئاوا نابینی. ئەوەندەی هێزت لە بەردایە مستت لە دمی دەسرەوێنی، خوێن بە دم و لووتیدا دێتە خوارێ، لە بەر دمت بە عەرزیدا دەکەوێ، خوێنەکە کەف دەکا و هەڵدەچێ. سەرسپی لە نێو خوێندا دەتوێتەوە، وردە وردە خوێن دەبێتە سووجەمار، چەند جارێک دەهوشێنێ، زار دادەپچڕێ، هەراسان لە گوێزینگی لاقتەوە سەردەکەوێ، دەگاتە ئەژنۆت، لە دەوری ڕانت دەهاڵێ، لە جێگای خۆت چرتە ناکەی، دەڵێی بە پێوە وشک بووی، لە پشتێنەت سەر دەکەوێ لە شان و پیلت دەهاڵێ، تۆ هەر چاوت لە بەر پێتە، کلکی لە سەر کەوشەکانت دەبزوێنێ، کاکڵەمێشانی چاوت بە سەر باریکایی مارەکەدا هەڵدەگەڕێ، لە بەر زگییەوە لە سەر پشتیەوە دەگاتە بەر سینگی، لە گەردنیەوە دەگاتە کەللەی سەری. مار دەمی کردۆتەوە، خەریکە قەپ دەکا بە سەرتا، کاکڵە مێشانەکەی چاوت گەیوەتە سەر نووکی لووتی، لە پڕ بەردەبێتەوە نێو دەمی مارەکە. یەک بە خۆت دەزریکێنی.

* * *

میوانخانەیەکی چەند نهۆم لە سووچی شەقامەکەدایە، لایەکی دەڕوانێتە شەقام و ئەو شانی، چاوی بە سەر کۆڵانێکی بەرتەسکا داپچڕیوە. پەنجەرەکانی دەڵێی چاویلکەن بە چاوی نهۆمەکانەوە، لە ڕوانینی شەقام و کۆڵان ماندوو نابن.

درگاکە ئاوالایە. ئێوارە و بەیانی، هەر یەک دێتە دەرێ و یەک دەچێتە ژوورێ. هۆدەیەکی سێ و چوار، میزێک و دوو کورسی تێدایە، درگای دیوەکە بە سەر دالانەکەدا دەکرێتەوە، پەنجەرە تەل بەندەکەش دەڕوانێتە حەسارێ. پیاوێکی سەرسپی لە پشت

میزەکە دەفتەرێکی لەبەر دەستدایە و چەند کتێبێکی لە پەنا خۆی داناوە، سەروڕوو خۆشە، تووکی سەری لەگەڵ ڕوخساری عومرێکیان بەینە. زۆر لێ دیارە، پازدە یان چواردە، مندالّتر، دەکرێ بلّێی تازە لە دایک بووە!

ژنێکی نە زۆر پیر، پەڕۆیەکی سپی بە دەستەوەیە دەچێتە ژووری دەفتەردارەکە، دەلّێ: "ڕۆژ باش". سەرسپی دەلّێ: "ژیانت باش".

ژنەکە بە پەڕۆ سپییەکە خەریکی سڕینی شووشەی پەنجەرەکە دەبێ، شووشەی سەر مێزەکەش دەسڕێ، پیاوە سەرسپییەکە بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە سپاسی دەکا. "ئەو" لە سەر پلیکانەکانەوە چاوی لە هەر دووکیانە، ددانی لە چیرەوە دەبا، ژنەکە ژووری دەفتەردار بەجێ دەهێلّێ. خەریکە بەرەو نهۆمی سەرێ دەچێ، چەند دلّۆپێک ئاو دەچۆڕێتە نێو شانی، سەری هەلّدێنێ، ئەو لە سەر پلیکانەکان خەریکی شۆردنەوەی موزاییکی دالانی سەرێیە. ژنەکە کە دەگاتە ئاستی، دەلّێ: "ڕۆژ باش". ئەو متەق ناکا، ژنەکە باوەشێک مەلافە دەست دەداتێ، وا دیار بوو لەوە پێش لە سەر کورسیلەیەک حازری کردبوو.

ڕوو دەکاتە حەمامەکە. ئەو چاوی دەبێتە سێبەری دووی ژنەکە، درگا لە سەر خۆی دادەخا. لەگەڵ داخرانی حەمام چاوی بە لاشیپانی درگاکەوە دەگیرسێ. لە ناخەوە دەهەژێی. کێوی وزەت هەرەس دەهێنێ. لەگەڵ خۆت بەشەڕ دێی. دەست لە بینت دەنێی، دەکەویە لرخە لرخ، زارت کەف دەکا، چاوت زەرد دەبێ، دەستت شل دەبێتەوە، ئاو بە چاوتدا دێتە خوارێ، ئاگات لە خۆت نیە نازانی خەوتووی یان بە خەبەری، چەند موسافیرێک لە دیوەکانیان دێنە دەرێ و بەلای تۆدا ڕادەبرن. ئەو کاتەت هاتەوە بەر زەین ژنەکە خۆی کرد بە نێو حەمامەکەدا، چاوت وە بەر لاشیپانی درگاکە کەوت، یەک بە خۆت نەڕاندت. ژنەکە درگای حەمامی کردەوە هەر دوو چاوت بەر بوونەوە بەر پێت، خۆت دابوو بە سەر دەسکی "تەی"ەکەدا، دەتگوت لە زەویدا ڕواوی، پیاوە سەرسپییەکە بە دەم دەنگەکەوە هات لێت نزیک بۆوە، لە نێوانیاندا بووی، ژنەکە بە پەلە ئاوخۆرییەکی ئاو بۆ هێنای، لێت وەرنەگرت. زۆر لەوە دەچوو تەریق بووبییەوە. پیاوەکە پێی گوتی: "ناساغی؟ بت بەم بۆ لای دوکتۆر؟" وڵامت نە داوە، ئەوان بە جێیان هێشتی.

* * *

کارەکانت تەواو کرد، ڕووت کردە ژوورەکەی خۆت بە تەمای حەسانەوە بووی، ئازای گیانت دێشا، دەتگوت دارکاری کراوی. تامی دمت ناخۆش بوو. لێوت باری هێنا، ئاوخۆرییەکت ئاو هەڵگرت، بردت بۆ دمت، بێ ئەوەی بیخۆیەوە ئارام ناتەوە سەر شوێنەکەی خۆی نەتزانی بۆچی؟

گوێت لە دەنگی پێ بوو، بە بۆنی هەنگاوەکانیدا زانیت کێیە! چوویە بەر پەنجەرەی ژوورەکەت، سووچی پەردەت لّدا، لە حەسارێت ڕوانی، پیاوە سەرسپییەکە ڕاوێچکەی دەکرد. ئەو بە هەنگاوی ئارام و پتەو و بە جل و بەرگی خاوێن جار جار سەری بەرز دەکردەوە، سەرنجی دار تووەکەی حەسارێی دەدا، گەڵکانی بە دەم شنەوە دەلەرینەوە، بۆ چرکەیەک بیرت گەڕاوە بۆ ئەوێ حەیامێ، لە دڵەوە گوتت: "هەر لە گوارەی گوێی دەچن، چەند جوان لەرەیان دێ!" ژنەکە لە سەر کەشەفێک فینجانێکی چایی بۆ برد، لە سەر مێزی ژێر دار تووەکە داینا. دەفتەرداریش سپاسی کرد. گوێت لە دەنگی نەبوو، بە جووڵانی لێویدا زانیت! لێوت وە بەر مشاری ددانت دا بە تووڕەیییەوە پەردەکەت لادا، تیشکی هەتاو ڕژایە نێو ژوورەکەوە، لە سێبەرەکەی خۆت ڕامای بە درێژایی دیوەکەدا ڕاکشابوو، ویستت بیدەیە بەر شەق و پێلەقە برێک خاو بوویەوە، پێ دەنێیە سەر پشتی، لە دیوەکە دێیە دەرێ، لە بەر درگا شین دەبی، چاوت بە سەر کەوشەکانتدا دەدووری، بە هەودای خەمەکانتدا شۆڕ دەبییەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور. لە مێژە پرسیارێک، ڕازێک لە مێشکتدا پاپۆکەی خواردۆتەوە، خەریکە مێشکت بۆگەن دەبێ، نازانی کەی لە دایک دەبێ و پێ هەڵدەگرێ، دەبێ ڕۆژێک لە مێشکت بێتە دەرێ، بۆخۆشت نازانی ماری ئەو پرسیارە ئاوقای کێ بکەی، ژنەکە، یان ئەو پیاوە، کێ وڵامی ئەو ڕازەی لەلایە؟ ڕقت لە کێیە؟ کێ ئازاری داوی؟

***

نیوەڕۆیەکی گەرم و تاقەت پرووکێنە، ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمان چەقیوە، چەند دیوێک نەبێ ژوورەکانی میوانخانە چۆڵن. ژنەکە لە کاری ڕۆژانە بۆتەوە، ئەویش کارێکی وای نەماوە. دەفتەرداری سەرسپی لە دیوەکەیدا خەریکی پشوودانە، لەوانەیە خەریکی کتێب خوێندنەوە بێ، ژنەکە خەریکی حەسانەوەیە، کەچی ئەو هەراسان و دڵتەنگ لە دیوەکەدا ناسرەوێ!

* * *

بە نێو ژوورەکەدا دێی و دەچی، حەجمینت نیە، دەچیە بەر پەنجەرەکە، دێیەوە دەم درگای دیوەکەت، دەتەوێ بڕۆیە دەرێ، هەر زوو پەژیوان دەبییەوە، لە نێوەڕاستی دیوەکەدا لە سەر ڕەقی پشت ڕادەکشێی، خەریکە زیندەخەو دەبینی. ژنەکە تارایەکی سپی بە سەردا داوە، ئارام ئارام دێ بۆ لات، باوەشی بۆ دەگرییەوە، بەرەو پیری دەچی، هەنگاوت لە دووت نایە، بەزەیی پێتدا دێ، بە هەر دوو دەست تاراکەی گرتووە بە دەوری خۆیدا، باوەخولێ دەکا، لە جێی خۆی دەگیرسێتەوە، دەستی بۆ دەستت درێژ دەکا، تەم و مژ دەوری دەتەنێ دەستتان وێک ناکەوێ، تەکان لە خۆت دەدی هەر دەڵێی بە زەویدا ڕۆچووی، توانایی بەرە و پێشەوە چوونت نیە. ژنەکە بە ئاستەم دیارە تاپۆ و مژ تێکەڵ دەبێ، ئێستا نازانی کامیان هەوە، مژەکە خەست دەبێتەوە، دەتەوێ هاوار بکەی، نا نا مەڕ... ۆ...

دەنگت دەرنایە، هەڵدەستییە سەر پێ، دەڵێی لە ئاویان هەڵکێشاوی، دوگمەی سەر سینگت دەترازێنی، بە قۆڵی کەواکەت ئارەقەی نێوچاوانت دەسڕێ، چاوت هەڵدەگلۆفی، دەچییەوە بەر پەنجەرەکە، تەماشای حەسارێ دەکەی، شنە بە ئاستەم باڵ دەبزێوێ، دەگەڕێیەوە نێوەڕاستی دیوەکە، لە پڕ پلەی خوێنت بەرز دەبێتەوە، لێوت بە ددانت دەکرۆژی. هۆمەن دەبەیتە سەر درگاکە، ئەوەندە بە پەلەی لە بیرت چۆتەوە بۆ کامە لا دەکرێتەوە. بە لەز بە پلیکانەکاندا دەڕۆیە خوارێ. لەبەر درگای دیوی ژنەکە سەبرێک دەگرێ، دەنوشتێیەوە، لە کونی قفڵەکەوە سەیری ژوورێ دەکەی، تەختی نووستنەکەی چۆڵە! خۆت قیت دەکەیەوە بۆ لای دیوی پیاوە سەرسپییەکە وەردەسووڕێی، دەنگی قاقا کێشان دێ، بۆنی ماچ و ڕامووسان گێژت دەکا، جار جار سەبر و تاو تاو بە توندی دەنگی قسەکردنی ئەوان لەگەڵ زرم و کوتی دڵت تێکەڵ دەبێ، خوێن بەری چاوت دەگرێ، لێوت دەکرۆژی، شەمچەت پێوە نێن گڕ دەگری. تەماشای پەنجەی خۆت دەکەی، دەڵێی:

"بەو دەستانەی خۆم دەتخنکێنم لەت و کوتت دەکەم..."

لاقت لە سەر سەری سێبەرەکەی خۆت داناوە، دەستت لە سەر دەسکی قفڵەکەیە، بێ ئەوەی بە خۆت بزانی خۆ دەکەی بە دیوی ژوورێدا، شووشەی پەنجەرە تەلبەندەکە تروسکەی دێ، نیگات دەپژێتە سەر مێزەکە، وێنەی منداڵێکی سەرسپی بە بەرگی کتێبەکەوە بۆت دەڕوانێ.

## ئازاری دەروون

لە دەلاقەی کۆخەکەیەوە بۆ دەرێی دەڕوانی. ئێوارەی کارەساتەکە بەریانی بۆ فرمێسکەکانی هەڵدەبەست، ئیتر ئەوە کاری هەمیشەی بوو.

لە سەعاتێک زیاتر دەبوو لە ژووره پیسەکەیدا دانیشتبووم. جارێکیش ئاوڕی نەدایەوە. لەوە دەچوو هەر نەشیزانیبێ کەی وەژوور کەوتبووم. زۆر منداڵ بووم باسی ئەو رووداوە جەرگبڕەیان بۆ گێڕابوومەوە. ئەوە ببوو بە پرسیارێک هەتا ماویشم لەسەر بیرو مێشکم دانابەزێ. بۆ رۆژێک دەگەڕام باسی ئەو کۆسپە گرانە لە دەمی خۆیەوە بژنەوم. خەڵکی شار دەڵێن: لە دوای ئەو ئێوارەیە قسەی بە زاردا نەهاتووە، قروقەپی کردووە و لە ئەلف نەهاتۆتە بێ! هەتا زۆر کەس باوەڕیان وایە دەڵێن: تووشی نەخۆشی بێدەنگی هاتووە و زمانی لە دەم دا نەماوە. دەنگۆیەکی دیکەش هەیە، ئەو کە لە دایک بەربۆتەوە هیچ کەس دەنگ و قسە و هاواری لە دەم نەبیستووە! کەچی من ئەوندەی لێرە دانیشتووم، هەر دەڵێی لە دڵی ئەودام: «پێتان سەیر نەبێ کە دەڵێم شێتیش بیرەوەری خۆی هەیە.»

لەگەڵیدا دەژیم؛ شێتم و تەنیا دەست ناوەشێنم، ئەویش ئەگەر سەر نەخەنە سەرم، ئازارم نەدەن. ئێوە شار هەر بۆ خۆتان منیش لە کونی ئەو دەلاقەوە رۆژتا ئێوارە چاوەڕوان دەمێنمەوە»

لەو شارەدا ئەگەر بارت کەوت کەس لات لێناکاتەوە. ئێستاش زۆربەی خەڵک باسی دەست و تفەنگ و. سوارچاکی ئەو دەکەن. ئیتر لێیگەڕێ ئەگەر کێوی بەدبەختی بەسەر کەسێکدا رووخا، کەس نازانێ چی بەسەر دێنی و چاکیشی ناڵێن. ئێستا کە بۆتە شەمشەمەکوێرە و لە پەناو پەسیواندایە و بەوهیوایەوە دەژی، ئەوەی چاوەڕوانی دەکا لە کونی دەلاقەکەوە بێتەوە بۆ لای. هەر دووچاوی لە چەقی رێگاکە بڕیبوو. بەدەم خۆراژاندنەوە جار نا جارلێک بۆڵەیەکی لێوەدەهات. پێم وابێ لە دڵی خۆیدا دەیوت: «خۆ

من هەر دەگەڕامەوە، نەدەمردم پێت وابوو دەمردم؟ ها، پێت وابوو دەمردم؟» دەستی بە سەر و چاویدا هێنا، فرمێسکی سڕی و بۆڵەیەکی لێوەهات: «زۆری نەماوە، هەر ئێستا دەگاتە ئێرە هەر ئێستا» تازە تێگەیشتم خەڵکی شار لە دوای رووداوەکەوە خۆشیان نەویستووە و پێیان وتووە بێزمان!

بیرم لە حاڵ و رۆژی دەکردەوە: زۆریش لەوەناچێ بە تەمەن بێ. بە رواڵەت پیر و باڵا چەماوە و دەموچاوێکی توکن و سەر و ردێنی دەم و لووتی شاردۆتەوە. لە دڵەوە وتم: هیچ دوورنییە خەڵکی بە منیش بڵێن شێت، من چیم داوە بەسەر ئەو خەڵکەوە. ئەوان کەی ئاوڕیان لە هەناسەسارد و لێقەوماوان داوەتەوە؟ ئەوانە شەیتانن. درووی مەم و زینن. دەڵێیان بگەڕێ بە رۆژ چەوساوەی بەشە و نەحەساوە بن. نەمزانیبوو لە کەیەوە سەری لەسەر دەلاقەکەوە هێنابووە دواوە. بە دەستە رەش و چڵکنەکەی پەنجەمی دەگوشی، بۆ ماوەیەکی کەم لە جێی خۆم وشک بووم! بەدەنگی لێدانی دڵم وەخۆهاتمەوە روانینم وەک هەنگ لەسەر دەموچاوی پوورەی دا. سەر و سەکوتی ناشیرینی زەندەقی پیاوی دەبرد، کەچی خۆشییەکی سێحراویم لەسەر رواڵەتی چنی، ئەو بە بینینی من وەکوو باوکێک دەچوو دوای عومرێک عەولادی بزربووی دەست کەوتبێتەوە. چاوی لەسەر چاوم هەڵنەدەگرت. (ئەوە دوای ئەوە بوو تیسکە شۆڕەکانی لەسەر چاوی لابرد) دەتوت دەیەوێ هەواڵی رووداوێکم بداتێ یان پێم بڵێ شتێک دەقەومێ، چاوەڕوانی کرانەوەی گرێپووچکەکە بووم. دەنگێکی حەزین هاتە گوێم. ئەوجار بە هێمنی پەنجەی کوشیم. هەستی بە خۆشیەکی چاوەڕواننەکراو دەکرد. حەسانەوەیەکی خۆش، هەروەکوو چاوی لە چاوم بڕیبوو چەند جارێک چاوی ترووکاند. دەیویست شتێک بڵێ؟ یان وتبووی من لێیتێنەگەیبووم. هەروەکوو تا ئێستا خەڵکی شارەکەش لێی تێناگەن. لەبەر خۆمەوە پرسیم: «خەڵکی شار دەڵێن عومرێکە خۆت لە خەڵک تەریکە خستۆتەوە؟ کار و پیشەت بۆتە چاوەڕوانی» سەری داخست هەناسەیەکی هەڵکێشا! فرمێسک بەسەر ردێنە دووکەڵاویەکەیدا هاتەخوارێ. وەک دڵۆپەی بن میچکی قورماوی دەچوو. بۆ ئاخرین جار وەرسووڕا و چاوێکی لە دەلاقەکەوە رەوانەی دەرێ کرد. هەر دووکمان بۆ لای دەلاقەکە (چەند هەنگاو زیاتر نەبوو) چووین. بە پەیژەی خەیاڵدا وەسەر کەوتم.

خۆزیا دەمزانی دەروونی مرۆ چی تێدایە و مێشک ورۆحیان هێلانەی چ ئەندێشەیەکە. بریا دەرحەق بەوانە کارێکم لە دەست هاتبا.

ئەو دەیڕوانی و منیش هەروا، هەر دووکمان بۆ دوور، بە قامکە ڕەشەکەی ئاماژەی بۆ تەمباسکێک کرد. وەک بیەوێ پێم بڵێ ئەوەی من بۆی دەڕوانم ئەوەتا لە پشت ئەو بەردەیە و...، یان ئەو گراوەیە حەز و تاسەی ئەو ڕۆژەی بەسەر هێناوم.

پێم خۆش بوو هاوار بکا، تووڕە بێ بڵێ ئەوەی عومرێکە منی چاوەڕوان کردووە، ئەوەتانێ بووە بەو بەردەی گوێ ڕێگاکە. بنەڕێنێ شارەکە لە هەراس بنێ. بڵێی خەڵکی ئەو شارە ئەوندەیان غیرەت نەبێ ئەو بەردەی بۆ بێنن وەک بت لە ژوورەکەیدا بۆی دانەنێن؟! واش نییە نا، ئێستاش زۆر کەس ماون شووشەی پەنجێرەکەیان بە ڕەنگی ڕەش سواخ بکەن. ئەرێ زۆر هەن دەست بەرن لە چاڵ کەوتوویەک بێننەوە سەرێ. ئەو هەرچەندە بە بۆڵەبۆڵ بوو بەڵام نازانم بۆ چی گوێم تامەزرۆی قسەی بوو. بە ناخی دا چووبوومە خوارێ. وەختێ گوێم هەڵخست، دەیوت: «بەسەر ئەسپەکەوە لە سەفەری گەرمیان گەڕامەوە، خەڵکی شار وتیان: ئیتر بێدەنگ بوو، وامزانی لە گۆمێکدا خنکا. چەند خۆش بوو لە دەمی خۆی بیستم. پێیان وتبوو «تۆ مردووی! ژنەکەت براکەت مارەی کردۆتەوە!»

«بەرچاوم وەک ئەو ژوورە تاریک داهات. خێزانم لەگەڵ براکەم لەسەر لێواری حەوزەکە دانیشتبوون قاقایان دەکێشا! نازانم بە چی پێدەکەنین. ماسییەکانیش لە ئاوی حەوزەکەدا خۆیان هەڵدەخستەوە.» وەک چەند وەخت لەمەوبەر قڕوقەپی کردەوە. بەسەر ئەسپەکەوە بۆی ڕوانیبوو، ژنەکەش قیژاندبووی، خۆی کردبوو بە ژوورێدا. (ئەو وەخت ژوورەکە ڕەش و تاریک نەبوو) «منیش سەری ئەسپەکەم سووڕاند. هەر بەو ڕێگەیەدا هاتبووم گەڕامەوە. کاتێ زانیم براکەم بە شوێنمەوەیە و پڕ بە بەو دەشتە هاوار دەکا: «مەڕۆ کاکە مەڕۆ بگەڕێوە.»

بۆ ئەو شوێنەی دەڕوانی براکەی لێی نزیک ببۆوە «تازە من مردووم مەیە بە دوومدا، من مردووم مردوو...»

لە دوورەوە قامکی لە بەردەکە ژەنی... «بۆ چەندەمین جار هاواری کرد: «کاکە مەڕۆ مەڕۆ» ئاوڕدانەوە بۆ لای هیوا و یەکەم دەسرێژم» (تفەنگەکەی لە شانی داگرتبوو) دیسان بێدەنگ بۆوە، سەری لە بەرامبەر دەلاقەکەدا لابرد. دەستی لەنێو

دەستمدا وەک باڵندەی سەربڕاو چڵی دەدا. ئەو لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەسەر پێوە لە ئەو دەلاقەوە بۆ دەرەوەی روانیبوو. لاقەکانی وەک ئەستوونێک تاقەتی راگرتنی ئەویان نەمابوو. لەپڕ بەسەر باوەشمدا کەوت. نازانم چۆن بوو هاوارم کرد: ئەی بۆ کوشتت؟» ئەوندەی لێ حاڵی بووم «... گەڕامەوە سەری هێشتا گەرمەبرین بوو، دەیناڵاند: «دابەزە، دابەزە وەرە دۆخینەکەم بکەوە دۆخین!» بەچەپۆک بەسەر خویدا دابوو، سەری لەسەر رانی دانابوو.

«... من لەبەر قسەی خەڵک ئەو کارەم کرد، لەبەر...» زۆرم پێخۆش بوو جارێکی دیکەش هەستیتەوە سەرپێ و لە دەلاقەکەوە بۆ دەرێ، بۆ گابەردەکە بڕوانێ.

## پێڵاو نا؟!

بڵێی بایێک بێت و ئەم دووکەڵ و تۆزە لابەرێ؟ لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت. دیمەنی شار و ناوچاوانی ئاسمان لە بیری بردەوە بەرەو کوێ ملی ئەم شەقامەی گرتووە.

چەرخەکان بە خێراییەکی (سورعەت) کەم برینی شەقامەکەیان کولاندەوە. تۆش ملت نا لە ژماردنیان: «یەک، دوو...»

خاوەرەکانت وەبیرهاتەوە کوڵ و باریان زەرد، مس، ئاسنەواڵە، بۆ یەکەم جار چاوت بەلوولە زەردەکان کەوتبوو پرسیوت: «ئەوانە چین هەر لە کووپەی پەنیر دەچن؟ تەماشایەکیان کردبوووی و هیچیان نەوتبوو! گرمەکەت کە وەبیرهاتبۆوە داچڵەکابووی!

دەستت بەنێو چاوانتەوە گرت و هەناسەیەکت هەڵکێشا! چەرخەکان ون بوون، لەبیرت چۆوە تا چەندەت ژماردبوو! چەند تنۆک فرمێسک سەرمای سەر گۆنای تۆراندی. فرمێسکەکانی ئەو رۆژەت وەبیرهاتەوە لەگەڵ ئارەقەی نێو چاوانت رژایە سەر زەرد و مسەکان!.

«حاجی تاکە لینگێکم پێڵاو بدەیە!» ئەمە دەمەتەقێی دووکاندار و کابرایەک بوو تۆزێک لەولاترەوە. «ببزوو کاکە بزوو، چییە دەڵێی بە دار لە سەریان داوی!» ئەمەش قسەی خاوەن بار بوو.

سەرت هەڵدێنی، بە دەستی راستە فرمێسکەکانت دەسڕیەوە بۆ چەند چرکە لە هەورە رەشەکە رادەمێنی، تەزوویەکی سارد سەرتاپای لەشت دەرزیئاژن دەکا، بەپەلە سیرووی چاوت رەوانەی سەرگوێ سوانەکانی شار دەکەی نەختێک دواتر بە ئارامی هەر دوو سێرووی چاوت دەخەیتە نێو قوڵێ مستتەوە و هەڵیان دەگلۆفی! دیسا بەرەڵایان دەکەوێتەوە ئەو جاریش بەسەر شاردا، بەرەو رووی پەنجێرەکان (شانیان شکابوو) بەسەر نهۆمە بەرزەکاندا و هەورەکەش (لەوێ لەنگەر دەگرن) سەر

دادەخەیتەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشی تۆزێ لە دەوروبەری خۆت دەڕوانی، لە بن لێوەوە شتێک دەڵێی، بە هەنگاوی شل بەرەو ماڵ دەبێتەوە.

ئەو وەختەی خێزانت بانگی کردی تۆ لەبەر پەنجێرەکەوە لە ئاسمانت دەڕوانی، دڵپڕی چڵکە هەورەکە بووی! خێزانت دەڵێ:

«وەرە سەر سفرەکە» تۆ هەر بیری لێ دەکەیەوە چەرخەکان! تاکە پێڵاوەکە، لەبەر خۆتەوە دەڵێی: «رۆژێ چەن کەس داوای لینگێ پێڵاو دەکەن؟» چاو بە سفرەکەدا دەگێڕی، نیگات لەسەر کۆشی سفرەکەوشک دەبێ! شەمزین بە قوونەخشکێ دێتە بەردەمت: «بابە تۆ حەقایەتم بۆ بگێڕەوە!» بۆ چەند چرکە بیرت دەفڕێ.

«ئۆهۆی! لەگەڵ تۆمە! ئەو زەردانە، چوارچوار بیانخە تەلیسێکەوە لەسەر خاوەرەکە هەڵیان بچنە ئیتر سبەی مەیەوە کارمان نییە!»

چاوت لەسەر سفرەکە بۆتە خاڵێکی رەش و بێجووڵە: «پیاوەکە ئەم ژوورە بۆ زستان ساردە قڕمان دێ!» بە دەنگی خێزانت دادەچڵەکێی چاوت وەک شەپۆلێکی سارد و وەسەر منداڵەکان دەکشێ. هیوا چاو لە چاوت دەبڕێ پەردەی شەرم دەکەوێتە سەرچاوی. سەر دادەخا! لە بنەوە بە سیلەی چاو سەیری دەستەکانت دەکا لێوی بە ددانی دەکرۆژێ و سەری دەسووڕێنێ، روانینی لەسەر شەمزین رادەوەستێ. لێکدی رادەمێنن، سەریان دادەخەن! خەیاڵ دەتباتەوە. لە دڵی خۆتدا دەڵێی:

«هەر جاران باشتر بوو!... قسەکەت تەواو ناکەی. سەرت کز کرد؛ هەناسەیەکت لە دەم بەربۆوە، لەبەر خۆتەوە وتت: «هەر خۆزگەم...» بە سیخورمەی پەشیمانی وەخۆ هاتییەوە: «نا، نا!» منداڵەکان داچڵەکین: «چی بووە کابرا، چی نا؟» چاوت بوو بە جاڵجاڵۆکەیەک بە چوار دەوری ژوورەکەدا وەسەر کەوت. کزەی با لە کەلەبەری بلووکەکانەوە هەڕەشەی لە ژوورەکە کرد.

باوەشت بە شەمزین دا کرد و ئەسرینەکانت هاتنەخوارێ! «بابە، تۆ دەگری؟» سەر هەڵدەتەکێنێ چەرخەکان هاتنەوە بەر زەینت: «دوو، چوار...» ـ «بابە چوار، چی؟» لە بیرت چووبوو لە ژوورەکەدای قامکت خزی بۆنێو قژە کاڵەکەی «بابە تۆ نازانی حەقایەتم بۆ بگێڕیەوە؟ بۆ چی دایکم وەکوو جاران حەقایەتم بۆ ناگێڕیتەوە؟!» بە ئاستەم درز کەوتە سەر لێوت: «من بۆت دەگێڕمەوە من...» ئارەقەی نێوچاوانت بە زەرد و مسەکەوە هاویشتە سەرکۆڵی ماشێنەکە. ئەو رۆژەت وەبیرهاتەوە. ئیتر خزایتە نێو

جێگاکەوە، شەو و پەتووەکە وەسەرت کشان، دڵەخورپە چۆکی لەسەر سینگت دادا! خەو لە چاوتدا بوو بە خاتوونێکی تووڕەنۆک دەستت کردەوە بە ژماردن:

«چەند بوو؟ ئەها، چوار پێنج شەش، سفرەکە، شەمزین شەم...(نا رۆڵە پێڵاوی من بۆیاخی ناوێ) نا» چەند رۆژ پێشتر ئەمەت بە هیوا وتبوو.

«بریا هەموو رۆژێ...» شەمزین و چەرخسوارەکان و حاجی پێڵاو فرۆشت وەبیرهاتەوە هاوارت کرد: «نا، نا!»

دەستێک پەتووکەی لەسەر لادای، دەنگێک وتی: «پیاوەکە چی نا؟» پەنجەی لەسەر تەوێڵت دانا: «بچین بۆ لای دوکتور؟»

باری نووستنەکەت گۆڕی پەتووەکە باوەشی پێداکردییەوە، خێزانت کز بە لاتەوە دانیشت. لە دڵی خۆتدا وتت: «هەورەکەی ئێوارێ» ئیتر خەوت لێکەوت یان واتزانی خەوتووی.

***

«دایە نەتوت ئەمشەو حەقایەتت بۆ دەگێڕمەوە؟» «سەر بکە سەر رانی دایکی خۆت»

لە پەنجێرەکەوە بۆ دەرێ دەڕوانی، شەمزین چاوی لە دەمی تۆیە، تۆش ئاوا دەست پێدەکەی:

«بەیانی زوو لە دەروازەی شار نزیک دەبوونەوە ئەوان دوو کەس بوون بە سواری دەهاتن، سواری یەکەم بەبێ مەحتەل بوون لە دەروازەکە چووەژوورێ، ئاوڕێکی داوە و بزەیەک نیشتەسەر لێوی. دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە لە نزیک دەروازەکە تووشی دووەم سوار دەبێ لۆژە لۆژ بەرەو شار دێت! ئەویش بە فیزێکەوە لوتی هەڵدێنێ و لەقەیەک لە خاڵیگەی وشترەکەی دەسرەوێنێ و غاری دەدا.»

کە زانیت شەمزین خەوی لێکەوتووە تۆش خۆت خستەنێو کۆشی خەوەوە. ئەو رۆژە هەتا نیوەڕۆ دوور و نزیک پێ بە پێی هیوا رۆیشتی. هاواری دەکرد:

«واکسی، بۆیە» پێڵاوەکان رەش دەکەمەوە، بۆبە، بۆبە، کاکە، ئاغا، پێڵاوەکانتان بۆیاخ دەکەم. ئاغا، تو خودا، دەی دەی، تۆ خودا، بۆیە واکسی، خاڵە بە هەرزان بە هەرزان»

دەڕۆیشت وهاواری دەکرد، لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەمساڵ کەوشان بۆیاخ دەکەم» جووتێ پێڵاو لە پێشیەوە، شوستەکەیان گەز دەکرد!

«خاڵە رەشیان دەکەیەوە؟»

لەبەر خوتەوە وتت: «نا، نا!» هیوا سەری داخست. دەستەیەک چەرخسوار لە پەناتەوە تێپەڕین. ئاوڕت دایەوە، نەتزانی هیوا بە کوێدا خۆی ون کرد.

ئێوارێ قرتاڵەکەی دا بە شانیدا، لارەلار بەرەو ماڵ شۆڕ بۆوە و لە دڵی خۆیدا وتی:

«هەر باش بوو ئەمڕۆ جووتێ پێڵاوم دەست کەوت رەشیان بکەمەوە، حەح جا جووتێ پێڵاو چییە! قەیدی ناکا، کارێ دەکەم، پووڵەکەش بۆ شەمزین (چەرخسوارێک رووبەڕووی هات خۆی لادا) ئەی ئەگەر کەس پێڵاوی رەش نەکردەوە؟» پیاوێک بە لاقێکی دارین و چێوشەقەیەک دوور دەکەوتەوە «بەی چۆن زۆر کەس پێڵاو رەش دەکەنەوە!» ئەم خەیاڵانە درووژانە سەر مێشکی، رێگاکەش بردییەوە بۆ ماڵێ. لە دوورەوە هەرای کرد: «شەمزین، پووڵم بۆ هێناوی پووڵ، هانێ بیخە داخڵەکەتەوە، لە ئەو رووەوە، ئەوەپەنجا تمەن! شەمزین ئەمڕۆ 20 کەسم حیساب کرد تەنیا ..» شەمزین سەری داخست ئەویش هەروا.

دایکی سفرەکەی بەسەر مووکێتە ترساوەکەدا راخست.

روانینت لە سووچێکی ژوورەکەدا قەتیس ما: «پیاوەکە پارووییەک نانمان لەگەڵ بخۆ!»

هەناسەیەکت هەڵکێشا! فرمێسکەکانت بۆ راگیر نەبوو لە دەروونەوە هەڵقرچای! زۆر بە ساردی چوویە پێشێ. هەنگی خەیاڵ لەسەر مێشکت پوورەی دا لەبەرخۆتەوە وتت: «رۆژێ ماشێنێک، تەنیا ماشێنێک، نا! ئەی بەچی ئەو هەناسەساردانە... ئەو بەستەزمانە، ئەوە جەرگی بڕیوم، خۆ ئەوە زستانیش درگای پێ گرتین.» بۆ چرکەیەک چاوت بە بەری دەستەکانت دا گێڕا. سەرت خستە نێو هەر دوو دەستەوە. هەناسەیەک بەربینی پێگرتی. لە مێژبوو کەروێشکەی روانینت بەسەر هیوادا تێدەپەڕێ. سەری داخستبوو بە هێمنی وتی:

«بابە ئەمڕۆ پەنجا تمەنم خستە داخڵەکەی شەمزینەوە، بابە هیچ کەس پێڵاو رەش ناکاتەوە، منیش لەگەڵ تۆ دێم ئاسنەواڵە باردەکەم! منیش دێم بابە!» سەرت بەسەر

سنگتدا شۆڕ کردەوە، «پیاوەکە! هیوا لەگەڵ تۆی بوو بیبە با یاریدەت بدا!» سەرت رادەوەشێنی و دەڵێ: «نا، ناتوانێ!» نەقڵی ڕێویەکەت وەبیردێتەوە!

«بەی چۆن دەتوانم، منیش ئاسنەواڵە وئەو شتانە بار بکەم!» ویستت شتێک بڵێی، بەڵام نەتوت. «بابە! منیش بێم؟ دەتوانم» سەرت داخست، هیچت نەوت. چەرخەکان هاتنەوە بەر زەینت لە دڵی خۆتدا وتت. ئەگەر منیش وشترسوارێک دەبووم! تارماییەک لە چەرخسوار بە بەرچاوتدا تێدەپەڕێن. تارماییەک لوولە کورتە زەردەکان و ئاسنەواڵە و ژن و پیاو و گەورە و بچووک بە سواری چەرخ، بە چێو شەق. حاجی...، بە قامکی ئیشارە سێرەت لێ گرتن: «شەش، هەشت، 15/ 20/ بیستوو» توانای ژماردنت نەما! شەپۆلی چەرخسوار شەقامەکەی خنکاند.

سفرەکە لەبەر دەمت خۆی راکێشابوو وتت: «بریا هەموو رۆژێک...» پاشگەز بوویتەوە هەستت بۆ چەند گرمەی قورس راگرت. هەناوت رووخا! لە پەنجێرەکەوە (شڕ ببوو) لەبەرۆکی ئاسمان رامای. هەناوت تێکرووخا، گوێت زرینگاوە (ئەمە چ باسە، رۆژ نییە نەچنە دووکانی حاجی داوای تاکەپێڵاو نەکەن؟) وەبیرت هاتەوە پرسیارەکانی هیواو خێزانت نەزۆک کردبوو . یان هەرواتبەدڵدا هات، هیوا وتی: «بابە منیش قوتوی بۆیاغەکە فڕێ نادەم، دایکم وتی ئەویش پووڵ دەکا!» ویستت بڵێی «ئەگەر هەموو رۆژێ ماڵەکان ..» چاوت لە چاوی شەمزین بڕێ، دایکی وتی: «تۆ هیوا لەگەڵ خۆت بەرە، منیش شەمزین دەبەم بۆ قوتابخانە!»

***

لەگەڵ تاوکەوتنی بەیانی لە پەنجێرەکەوە (شووشەی تێدا نەمابوو) دوو چاوی تامەزرۆ وەدووی ئەو منداڵانە کەوت بە سواری سێ چەرخە روویان لە خوێندنگا (مەدرەسە) بوو! هیوا دەلینگی پاتۆڵە بۆرەکەی خستە نێو گۆرەوییەکانی، شەمزینی کردە کۆڵی. هێشتا مابووی بگاتە منداڵەکان بە دەنگێکی بەرز وتی: «ئێمەش بەجێمەهێڵن!» تۆش کە تازە لە حەسارێ هاتبوویەدەرێ چاوت لە بەرۆکی ئاسمان بڕیبوو واتزانی خەرتەلێک لە شار نزیک دەبێتەوە ئەوندەی هێزت لەبەڕ دابوو هاوارت کرد: «نا، نا، نا!»

## پێنج تابلۆی بێچوارچێوە

(1)

یەکەم جار حەزم لە کۆتربازی بوو، تا ڕیشولە و پاساری و قەلوقالاو و سێرو و پەڕەسێلکەشم بە کۆتر دەشوبهاند دایمە بە شەقەی باڵ و تەقڵە و فیتوو ڕادەپڕیم، گەلای دارچنارەکەی حەوشەکەشمان بە بەرچاومەوە خۆیان لێدەکردمە کۆتری سەربالْ شین و پێ کولکن و تۆقی سەر بە کلاوو... ئیتر دەستم کرد بە ڕاگرتنی کۆتر، پێنج هەڵدەفڕی و بیست دەنیشتەوە، لەگەڵ رووناکیی بەیان ئاسمانی سەرماڵمان دەتگوت پەڵە هەوری سپی و خۆڵەمێشی دایپۆشیوە.

ماڵ و حاڵم بوو بە کۆترخان و دەروژووم بوو بە کونە کۆتر، دەروجیرانیش بە گمەی کوتر دەخەوتن و بە فرەی باڵیان لەخەو ڕاست دەبوونەوە؛ تا بەیانی خەونی خۆشیان دەبینی.هەرلە کەرەی بەیانییەوە تا لووزەوی شەو بەسەر شاردا دەڕژێ لەسەر سەربانێ دەبم بە داهۆڵ، ئەوەندە چاوم لە ئاسمان بڕیوە ملم بە شتەوەدا شکاوەتەوە، بەینێکە وام لێهاتووە بەرپێی خۆشم نابینم، هەر وەسەر دەپەڕم!

وەرزێر و جووتبەندە نەماوە گەنمی لێقەرز نەکەم و پێی قەرزدار نەبم، عەلاف و دانەوێڵە فرۆشەکانی شاریش لە زەبری من بێبەش نەبوون. وەک دەڵێن «ئەگەر بەخت و نەسیب هێنای هەوڵدانی زۆری ناوێ» لە ماوەی چەند ساڵدا کۆترەکانم تەنیا هێلکەیەکیشیان پیس نەکرد. جووجکەکەیان هەڵدەهێنا و تویخوڵە هێلکەیان بەردەداوە.

ئەوەندەیان جیقنە بە سەربان و دار و دیواردا هەڵڕشتبوو دارچنار و ماڵەکەم لەو سەری شارەوە دیارە و سپی دەکاتەوە.

زستانان لە ترسی عەلاف و گەنمفرۆشەکان هیچ حاڵم خۆش نییە، دەڵێی کێچم دە کەوڵی کەوتووە، گوزەرانم لێ تاڵە وا دەزانم سێبەرەکەی خۆشم بۆ وەرگرتنی قەرز هاتۆتە سەرم.

بەڵام کاتێک لە وەرزی گەرما نزیک دەبمەوە، دنیا بە کەیفی خومە جا بۆ پێی وایە لەبەر جیقنە کۆتر کەس زاتی هەیە توخنی بەردەرگاکەشمان بکەوێ. تا ملان لە جیقنە دەچەقێ!

(2)

کارم بەوە نەبوو دایکم چەند بێزی لە پشیلە دەکردەوە، بە میاواندنی دڵی تێکەڵ دێت. ئەمن خۆشم دەوێ و پێم خۆشە ماڵەکەمان بە دایمە پشیلەی تێدا بێ،. زۆرم پێ سەیرە چۆن ئەو دەست و قاچە جوانانەی پێ پیسە؟ وەختێک بەسەر فەرشەکەدا دەڕوات و خۆی دەگەیەنێ بە پشتی کورسییەکە. دایکم ناهێڵێ ئەو بەستەزمانە سەرخەوێک بشکێنێ، ڕاوەدووی دەنێ و ئەوەندەش فەرشەکە دەشوات حەوت توێخی لێ دەکاتەوە. دووا جاریش دووسەد بیسمیللا بەدوودا ڕەوانە دەکا! کەچی لە هەموو شت سەیرتر ئەوەیە لە نیوەشەودا بەسەرمندا دەقیژێنێ «هەتیوە چاوزیتە، هەستە ئەو درگایە بکەوە با پشیلەکە بێت و ئەو مشکانە ڕاو بکات. خەریکن خەومان لێ حەرام دەکەن». ئەگەر دەڵێم ئەی خۆت بۆ لێی ناکەیتەوە؟ دەڵێ: «من سوێندم خواردووە درگای لێ نەکەمەوە» دووای ئەوەی پشیلەکە مشکەکان ڕاو دەکا بە دەزییەوە دێت لەسەر کورسییەکە دەخەوێ منیش بە مرخە مرخەکەی خرپ خەم لێ دەکەوێ.

(3)

تۆ بڵێی ئەو هەوایە لە کەللەی هەموو کەسدا هەبێ؟ نەخۆشییە یان شتێکی زاتی و دەروونی، ئەوە ئیدی قسە و باسی خۆی هەیە. ئێمە بنەچەک و بنەچەکمان حەزیان لە دەنگ و ئاوازی خۆش هەبووە، بە نەغمەیەک خەوتوون و بە ئاوازێک هەستاون، بەڵام ئەو خۆشوسیتنەی من بەرامبەر بە دەنگ و ئاوازەکان سەیرەکەی لەوەدایە ڕەنگیشی لەگەڵە!

هەوەڵێن جار بوو لە نزیکەوە چاوم بە کەو دەکەوت. هەرچەند لە قەفەز کرابوون بە دڵ ئاشق و گیرۆدەیان بووم! لە دووکانەکەمدا خەریکی دوورمان و ڕاستە و پاستە کردنی جلوبەرگی خەڵک بووم. دۆمێکی سمێڵ زل دوو قەفەزی بە دەستەوە بوو، سەری

کێشا ژوورەوە، وتی: «وەستا ئەو کە کە کەوانەم لێ بکڕە» قیمـەتم لێ پرسـی، پـووڵێکی زۆری نەگوت. یان ڕەنگبێ ئەو پووڵە بەلای منەوە زۆر نەبوو. وەختێ قەفـەزە کـەوەکانی دادەستم وتی: «بێدان و ئـ ئـ ئاویان مەکە، لـە د د دوور یـەکتریش دایـان بنێ، جا ئـەو وەختە کەیف کەیفی تۆیە!»

وەخت و بێوەختی خۆم تەرخان کرد بۆ دانپێدان و بـەخێوکردنی کـەوەکان، ئێسـتا ئـەو دەخـوێنێ و ئـەم دەیسـێنێتەوە بـە قەفەزەکانـدا هەڵـدەپڕژێن، چـەنگ و دەنـدووک لـە شووڵ و تەلەکانی گیر دەکەن. قاسپەیان ڕۆژەڕێیەک دەڕوات، لە یەکیان نزیک دەکەمەوە و پێکیان هەڵدەپڕژێنم، بەینێکە ڕاوەکەویان پێ دەکەم، وەختێک بەرامبەر بەیەک دەخوێنن یـان پێـک هەڵـدەپڕژێن، سـەر و چاویـان وەک قـاچ و دەنـدووکیان سـوور دەبـێ منـیش ئەوەندەم گۆشت کەو خواردووە خەریکم وەک کەو دەخوێنم.

(4)

نازانم شەڕە کەڵەشێر لە کەیەوە باوبووە، لە دەورەی سۆمەرییەکان لە بابل، وڵاتـی چین، یان لە یۆنانی کۆن. قەتیشم نەدیوە لە نووسـراوە بەناوبانگەکاندا باسـی کرابێ یـان لەسـەر سـنگی بـەردە نووسـەکان، لـە نووسـراوەکانی ئـەفلاتوون و شـەکسـیر و بووعـەلی سـینا و نیچـە و زۆری تریشـدا پێـی نەگەیشـتووم و وەبـەرچاوم نـەهاتووە، تـاکو بـزانم خەڵکی دیکە کەڵەشێریان لەبەرچی ڕاگرتووە.

هەر لەو رۆژەوە هەستم بە خۆناسین و باڵغ بوون کرد، غیرەتێکی سەیر بەسـەرمدا زاڵ بـوو! وام نـەدەزانی سەرتاسـەری شـار لـە مـن بـەدەر کەسـێکی دیکـەی نێرینـەی تێدا دەژی! جا هـەر لـەو عادووسـەدەدا بـوو بـە دیتنـی کەڵەشـێرەکانی ئـەو ماڵـەی هاوسـامان خـوێنم هەڵـدەچوو، ڕەنگبـێ ئـەوەش بـۆ تـۆی خوێنـەر جێـی سـەرنج بـێ، بـاڵغ بـوون و کەڵەشێر چ پێوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە، بەڵام نا، ئەو جیرانەمان چوارپێنج کەڵەشـێری لاسار و تووڕەی ڕاگرتووە، زۆریان شانازی پێوە دەکا دەیانهێنێتـە کـۆڵانێ و دانیـان بـۆ ڕۆدەکا بـە دیاردیانـەوە قیافـە دەگرێ و بـە قامکـە شـووش و تەشـیلەکانی سمێڵە تـاق و وازەکەی بەم لاو ئەولادا بادەدا. ئیتر ئەوەش هەر بۆ باس کردن نـابێ، چبگـا بـە مریشـک و کەڵەشێری گەڕەک کەس ناوێری بەوێدا ڕاببرێ خێرا پێی هەڵدەپڕژێن و سەر و چاوی شەلاڵی خوێن دەکەن.

ئاخری خۆم پێ ڕانەگیرا و پازدە بیست کەڵەشێری لاری و شەڕانیم کڕی و لە حەسارەکەدا ڕام گرتن، دان و ئاوم پێدان، ماوەیەک هەر نەمهێشت تاقیان لە درگای حەوشە بچنە دەرێ. وایان لێ هات بوونە خرت، چنگ و نینۆخیان دار و دیواری هەڵدەکۆلی، کابرای جیرانیش لە کۆڵانێوە کەڵەشێرەکانی خۆی دەهێنا بەر دەرگاکەی من و دانی بۆ ڕۆدەکردن، فێری دەکردن بخوێنن، قەڵسە لە کەڵەشێرەکانی من بگێڕن. لە درگای حەسارێ چوومە دەرێ، کابرا بەلای کەڵەشێرەکانەوە ڕاوەستابوو، تا چاوی بە من کەوت کوتە پەڕۆیەکی سووری بە نووکی قالۆرێکەوە هەڵسووڕاند. ویستم ئارامی و لەخۆ بوردوویی خۆم نیشان بدەم، بەڵام دیتم کابرا بە گەوج و زەلیلم دەزانێ. کەلێنم بە درگادا، کەڵەشێرێک لە بەینی لاقمەوە دەرپەڕی. ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو کەڵەشێرەکانی ئاوقا کرد، لە چاو تروکانێکدا پەروباڵیان لە کەڵەشێرەکەی من داماڵی و وەک مەلۆتکەی لە پەڕۆ نەپێچراو لە خۆڵیان وەردا؛ خوێن بەری چاوی گرتم. دەست و برد درگام خستە سەرپشت، کەڵەشێر وەک سپای ڕووس بە نێزە و کڵاو خوودەوە هێرشیان کردە گەرووی کۆڵان، هەر بە حەواوە کەڵەشێرەکانی کابرای جیران لەت و پەت و نجڕ و نجڕ کران، تەپوتۆز و پەڕ و باڵ وەک مژ بەشان و ملی کوڵانەکەوە ڕاوەستا بوو.

چەند ساڵێک بوو یەکدیمان نەدەدواند بەردمان بە سێبەری یەکتردا دەدا، بۆ خوێنی سەری یەک تینوو بووین، کەچی ئێستا بە بێ یەکتر نان ناخۆین، دەستمان لە قاپێکدایە! هەموو ساڵێکیش لە ڕۆژی پێک هەڵپڕژانی کەڵەشێرەکاندا، تاجە گوڵینە لە مەیدانەکە دادەنێین.

(5)

دووسێ ساڵێک لەلای سەنعەت کارێک خەریکی کارکردن بووم، ئێستاش کە ئێستایە هەڕەم لە بڕەی نەکردەوە! نەک لەبەر ئەوەی گێل و بێدەسەڵات بم نا، خاوەن کار لەمن زیرەک و زۆرزانتر بوو نەیدەهێشت چاو بکەمەوە، نەکو فێرببم و سەنعەتەکەی لە دەست دەربێنم. ڕۆژێک ئەو وتەیەم وەبیر هاتەوە. «کەس لە زگی دایکیدا فێری کار نەبووە» وازم لە سەنعەتکە هێنا، بۆ ماوەی چەند شەو و ڕۆژلە ماڵ نەهاتمە دەرێ، دایمە لە فکر و بیرکردنەوەدا بووم، حەوتوویەکی ڕەبەق هەناو و سەروبنی شارم لێکدا، کارێک نەمابوو بە دەست خەڵکەوە نەبێ! لە دڵی خۆمدا وتم:

«ئەگەر ئاوابێ لە برسان دەمرم، دەست بۆ هەر کارێک دەبەم هەزاری لێ ڕاست بۆتەوە. خۆ نە ئەوەندەش خاوەن دارایيم ببمە بازرگان، نە ئەکتەرێکی چاکم دەور بگێڕم، پارە وەربگرم، نە دەنگخۆشم و نە هەڵپەڕکێی باش دەزانم تا ڕوو بکەمە ئەنقەرە و لۆسئەنجیلوس، بەو نەزمە گیرفانی لێ هەڵماسێنم. بیرم بۆ هیچ شتێک نەدەچوو، لەوشارەدا مەشکەی ژیانی پێ بژێنم، لە چوار ڕێیانێکدا مەحتەل مابووم! نەمدەزانی بە کامە ڕێگادا سەری خۆم هەڵبگرم.

وەبیرم هاتەوە، خۆ من لەو شارە بێ سەروبنەدا، لە هیچ کەمتر چاوە خانوویەکم هەیە، حەوشە و حەساری دەڵێی مەیدانە ئەسپە.

کەوتمە بیری ئەوە کارێک بکەم سەروەت و سامانێک بەیەکەوە بنێم، سەنعەتکار و زانا و مێشک تەڕان دەستە و داوێنی خۆم بن. ئەوە بوو ڕۆژێکی بەهاری ڕووم کردە چیاکان و کونە ڕێوییەکم دیتەوە و پێنج بەچکەم لەبەر دایکیان هەڵگرت، هێنامنەوە بۆ ماڵێ، بە شیر و ماست و جارجارەش گۆشت و سەر و لاقی مامر بەخێوم کردن. بە کەیفی خۆم بارم هێنان. ئێستا وایان لێهاتووە لەگەڵ مندا لە دەوری سفرەیەک خڕ دەبنەوە خۆ دەخەنە سەرشان و ملم، بەکلکیان پشتم بۆ دەخورێنن.

ئێوارەیەک لەبەر پەنجەرەکەوە چاوم لێبوو یەکێ بە بێچووە ڕێوییەکان کە ئێستا گەورە بووە لە حەوشەدا لەسەر گازەرای پشت خەوتووە. دووقەلە سالبوونەش بەسەر دارچنارەکەوە بۆ ڕێوییە زەردەیان دەڕوانی دەیانقیڕاند. پێم وابوو بەیەکدییان دەگوت: تۆپیوە و بابچین چاوی دەربێنین. لەپڕ یەکیان لوول بوو، گەیی بە ڕێوی و نەگەیشت! ڕێوی وەک فەنەر هەڵبەزییەوە و بە حەواوە گرتی و خۆی بە ژوورێدا کردەوە. لەگەڵ ئەوانیتر لەسەر دابەش کردنی مڕەمڕەیان بوو.

ئەوڕۆ بە جێگای ماڵ و حەوشە و حەسارەکەش، سەدان بنکە و ناوەندی گەورەی پەروەردە و پێگەیاندنی ڕێویم کردۆتەوە و بۆ وڵاتانی دەرەوەش بە کۆڵی کەشتی و باڵەفڕەکاندا ڕێوی بەڕێی هەندەران دەکەم. هەمووشیان ئاڵقە و مۆری منیان لە گوێدایە.

ئێستا، چبگا بە دەر و جیران، سەنعەتکارەکەش و بە سەدان دانشمەند و فەیلەسووف و بلیمەتان لە تەواوی دنیاوە سەردانم دەکەن، بە هێڵی تەلەفوون و فاکس و ئیمێل و تۆڕی ئینتەرنێتدا پێوەندیم پێوە دەکەن. تاکو لەو کۆمپانییە مەزنەدا سەرمایە بخەنە گەڕو نمایەندەگی وەربگرن.

بەڵێ ئەورۆ بە زەحمەت دەزانم چەند پرۆژەی زاووزێی ڕێویم هەیە، ئەوەندە دەوڵەمەند بووم سەری خۆم بۆ ناخورێندرێ.

## گوڵەکانی هیوا "با" بردی

هێشتا ئاڵبۆمەکەی پێکەوە نەنابوو گوتی: ـ ئێستا دەبێ زۆر پیر بووبێ. لە دووکانە گڵفرۆشەکە هاتە دەرێ. شەماڵ زۆر تووڕە بوو! کاکۆڵە شانە کراوەکەی هیوای ئاڵۆزاند. وەبیری هاتەوە دایکی پێی گوتبوو: ـ وریا نەبی "با" گوڵەکەت لە دەست دەڕفێنێ. توند و تۆڵ گوڵەکەی گرت. بە کۆڵانە کۆنەکەدا سەرەوژوور تێهەڵبوو. پەنجەرەکان لە ترسی شەپلاغەی "با" کوشمەیان کردبوو. یەک دووجار لە تریدا، بۆ ئەوەی ـ باـ گوڵەکانی لە دەست نەڕفێنێ خۆیدا پەنا دیوارەکان. با ـ هەنگاوی شل کردەوە، چاوی پڕبۆوە. زۆر تامەزرۆی دیدار بوو. پەنجەی لە لاسکی گوڵەکە توند کرد. لە ئاخری کۆلان لەبەر درگای خانوویەکی پەرپوتدا راوەستا، بزەی منداڵی نیشتە سەرلێوی. چەند جارێک لە درگای دا، ژنێک لە دایکی پیرتر درگای لێ کردەوە. روخسەتی چوونە ژوورێی وەرگرت. تازە لەسەر سەندەڵیەک دانیشتبوو نیگای پەڕیە سەر ئەو وێنە کە رووبەرووی بە شانی دیوارەکەدا کرابوو. هەواڵی گرت، ژنە کوتی ـ ئێستا دەبێ پەیدا بێتەوە!

هێشتا گوڵەکەی بە دەستەوە بوو. لەبەر شەکەتی، سێبەری خەو وەسەر چاوی کشا.

ژنە لە درگای دەرێ هەواڵی پێدا کورێک بە دەستە گوڵێکەوە هاتووە. کابرا بۆ چەند چرکە خەیاڵ بردییەوە. قەدرێک بوو بە لایەوە راوەستا بوو. لە پڕ هیوا راچەنی و هاواری کرد: ـ گوڵەکانم با ـ بردی گولەکەم...

ـ نا، با ـ نەی بردووە ئەوەتا گوڵەکەت.

گوڵەکەی هەڵگرتەوە و هەستا سەرپێ.

ـ دایکم دەیگوت: با ـ ناتوانێ گوڵ لە دەستی کوڕی ئازا بڕفێنێ.

کابرا سەیرێکی نێوچاوانی هیوای کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا:

ـ بەڵام خەو دەتوانێ ئەو کارە بکا.

## پردی سوور

دوو پیاو بەسەر گڵکۆکەوە بەجێ ماوە، قەوەت لەخۆت دا هەستی، لەگەڵ خەڵکەکە بگەڕێیەوە، هەتا سەرت وەبەردەکە نەکەوت نەت زانی چ باسە؛ ئیتر دنیات لێ تاریک بوو.

***

«منداڵەکان ئەمڕۆ وانەی تاریخ و جۆغرافیا دەپرسمەوە، تاکوو من چاوێک بەم دەفتەرەدا دەخشێنم، ئێوە خۆتان ئامادە بکەن».

هەر ئێستانا، نەختێکی دیکە. پەلە نەکەین دەمان کوژن. زۆر لە مێژە بە ڕێگاوەم، ئەژنۆم شل بووە، هێزی پێیم نەماوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، گرمەیەک دام دەچڵەکێنێ. بە ترسەوە لە ئاسمان دەڕوانم، ئەرێ ئەوانە خۆ پەڵە هەور نین. «مامۆستا! هەوری چی خۆ تۆ پرسیارت نەکردووە».

هەموو ڕۆیشتن هەر من و هیوا دووا کەوتووین! بە هەر گرمەیەک خورپە دەکەوێتە دڵمەوە، خودایە گیان قوتابییەکانم.

«مامۆستا، هەموومان لێرەین».

نا نا، زمانم لاڵ، خودا نەکا! ڕووناکاییم لێبزر بوو؛ بیر لە هەر چییەک دەکەمەوە هەر پۆستاڵە پێی بەسەردا دەنێ، دەردی ئەم بەستەزمانەش کوشتوومی. گریان و هاواری هەموو منداڵەکان ئاوریان لە هەناوم بەرداوە، ئاخ لە پەل و پۆ کەوتم بڕستم لێبڕا. شان و شەپیلکم هاتنە دەرێ. لە قەڵاندۆشم دای دەگرم. بۆ چەند چرکە پشوو دەدەم.

«ئەتۆ مێژوو بخوێنەوە».

دەیکەمەوە کۆڵم. لاتراسکە دەبەستم، بە زەحمەت خۆم دەگرمەوە، ڕێگا ئەستەمە و هەوراز، نا نا! هەتا تین لە لەشمدابێ دەبێ بجووڵێم.

هەتا هیوام زیندوو بێ منیش دەژیم، «ئافەرین ئازاد، هەر بژی!» وەکوو ئەم خەڵکە، خۆم داوەتە دەست چارەنووس، هەر ئەوەندە دەزانم ملی رێم گرتووە بڵێی شۆنێک هەبێ ئەو خەڵکە رووی تێبکەن!؟

«دەوری تاریخ و جۆغرافیا بکەنەوە لەگەڵ ئێوەمە...»

هاوار خودایە گیان، ئەم ژن و منداڵە؛ بڵێی خەویان لێ کەوتبێ؟ ئەی ئەوە، ئەوەش خەوی لێ کەوتووە؟ پیرە پیاوە... ،

«لە بیرتان نەچێ تاریخ ئەوانە لە سنگی خۆیدا هەڵدەگرێ».

بەسیەتی رۆڵە، چیدی دەردم کاری مەکە، قەزات لە گیانی دایە. دەبەس بگری. دەبا ئەو مێشکە شڵەقاوەم بۆ ساتێک ئۆقرە بگرێ. مەگری مە...

مامۆستا! لەگەڵ ئیمەتە؟»

هاوار خودایە گیان، مردم خۆ ئەم رێگایەش نابڕێتەوە. کەسێک نییە لێم بپرسێ: بەم شاخ و کێوەدا ملی رێت گرتووە بە تەمای روو بکەیە کوێ؟

«مامۆستا، من ئەم بەشە لە جۆغرافیا بخوێنمەوە؟»

دەست بە سەر و چاوی هیوادا دەهێنم، نووستووە. یەت دڵم نایا، دەنا لەم پەنا بەردە بەجێم دەهێشت. وەی چەندە جاڕزم.

«تۆ! بۆچی ئەم خەتەت بەجێی هێشت؟»

دەست بە مەمکەکانمدا دەهێنم، تەماشای لێوی بار گرتووی هیوادەکەم لەبەر خۆمەوە دەڵێم هەر ئەوەندەی ئاوای ئەو دیو بم...، تارماییەک وەسەر چاوم دەکشێ، چەند چرکەیەک مات دەبم. شاخ و کێوێکی هەڵەمووت رێگا لاپێ، توولەرێ، مزڵ نادیار! ئای رۆڵە مزڵی چی... شەکەت و ماندوو و برسی و توونی، هیوا بە کۆڵمەوە هەڵدەتەکێنم. دەنگی خوڕەی ئاو دێتە گوێم. لەمێژە تاو کەوتووە. ئێستا منداڵەکان چاوەڕێمن.

«مامۆستا ، من تاریخ بخوێنمەوە، یان جۆفرافیا؟»

ئەمڕۆ وانەی مێژوومان هەبوو، منداڵەکان ئاشقی جۆغرافیا و مێژوون، بەڵێنم پێدابوون ئەگەر باش بخوێنن بیان بەم بۆ شوێنە مێژووییەکان. بۆ زۆر شوێن لە رووبارەکە نزیک دەبمەوە، هیوا بە کۆڵمەوەیە. هەستە هیوا هەستە، ئەوە گەیشتین بە

ئاو، بەخ ئاوەدانی؛ گوێت لەم خورە خورەیە؟ هەناسەیەک هەڵدەکێشم و دەڵێم: ئەو رووبارە، دەریا شک دەبا، منداڵەکان ئەمڕو تۆ بڵێی قوتابخانەکە بە ساغی مابێ؟

«مامۆستا، هەر خۆمان بمێنین، قوتابخانە ساز دەبێتەوە!»

مامۆستا، ئەم رستەیەی پێ گوتبوون.

لەسەر پشتی پردەکە راوەستاوم، شەپۆلەکانیش تووڕەن ددانە چیڕە لە سێبەرەکەم دەکەن، هیوا بە باوشمەوەیە. فرمێسکەکانم بە خوڕ دێنە خوارێ. هیوا بە سنگمەوە دەگوشم. «ئەوە بۆ بێدەنگن رۆڵەکانم بۆ»

رووبارەکە ئەسرینەکانم دەڕفێنێ، دڵم پڕە، گریانێک بەربینی گرتووم. بۆ دەقیقەیەک لە ئاسمان و هەورەکانی دەڕوانم؛ گڕکانێک خەریکە ناوم هەڵدەدەکێنێ. «جۆغرافیا بەجێ مەهێڵن، بە مێژوودا بچنەوە».

هیوام بەسەر هەردوو دەستەوە بۆ ئاسمان بارز کردۆتەوە. لەپڕ پەردەی تاریکی بەسەر چاومدا دەکشێ...

– – –

دوو کەسەکە لەگەڕانەوەدا، دەیان گوت: «خودا بیبەخشێ، بەدووای ساواکەدا خۆیی هەڵدا نێو رووبارەکەوە».

83/10/14

85/9/3

## شاری یاران

شاری یاران؛ پێت وانەبێ شارێکی بێدەروازەیە! قەپانێک و ئاوێنەیەکی لێیە، تۆ کە لەو درگایەوە بچیتە ژووری، لە پێش هەمووشتدا بە شەوارە دەکەوی، تووکەسەرت زۆر دەبێ و پرچەکانت دێنە سەر شانت، قۆڵی کراسەکەت کورت دەبێتەوە. نینۆخەکانت درێژ دەبن، ردێنت زۆر دەبێ، کەوشەکانت بریقە دەدەنەوە، پاتۆڵەکەت سەر کەوش دەگرێ، کاتژمێری دەستت هەنگاوەکانی شل دەبن، گوێچکەت باش دەبیستێ، پڕبەسییەکانت هەوا هەڵدەمژی، لە ڕێگا ڕۆیندا، خێرا دەبی؛ پەلە دەکەی، باوەش دەگریەوە، چاوە چاوە دەکەی، درەنگ دەخەوی، زوو لە خەو هەڵدەستی...

* * *

لە بەر درگای شاری یاران ڕادەوەستی، چاوەڕوانی ئیزنت پێبدەن لە درگای شاری یاران بچیتە ژووری، قەپانێک لەبەر درگا داندراوە، بە ئەمری ئەوان دەچیتە سار قانتۆرەکە: «کێشت لە سەرێیە، سەرت زلە، لاقت گەورەیە، قامکت درێژە» بە ئەمری قەپاندار: « 6 دۆلار بۆ قورسییەکەت، 3 دۆلار حەقی سەرت، 2 دۆلار لەبەر لاقی گەورەت، دۆلارێک بۆ درێژی قامکی دەستت.»

دەتبەنە بەرامبەر ئاوێنەکە: «چاوت بە شەوارە کەوتووە 2 دۆلار بدە، پرچەکانت درێژە 4 دۆلار بدە، کراسی بێقۆڵت لەبەردایە 5 دۆلار بدە، نینۆکت درێژە 7 دۆلار بدە، ریشت درێژە 9 دۆلار بدە، بۆ بریقەی کەوشەکانت 12 دۆلار، 2 دۆلار حەقی ئەوەی دەمپای پاتۆڵەکەت گەورەیە، 24 دۆلار جەریمە بۆ پەلەنەکردنی کاتژمێرەکەت؛ 13 دۆلار جریمە لەبەر ئەوەی هەر دەنگ و قسەیەک هەبێت خێرا دەیژنەوی، لە حەدی خۆت زێدەتر هەوای شارت هەڵمژیوە 15 دۆلار بدە، 90 دۆلار بۆ پەلەکردن لە ڕێگارۆیندا، 20 دۆلار حەقی ئەوەی باوەشت گرتۆتەوە، 100 دۆلار جەریمەی چاوە چاوەکەت، 17 دۆلار بۆ درەنگ خەوتنەکەت، 8 دۆلار جەریمەی ئەوەی زوو لە خەو هەستاوی...»

*        *        *

پێت وانەبێ شاری یاران شارێکی بێدروازەیە...

# ئەو پاڵەوانەی بوو بە هەتاو...

ئەوە یەکەم جار نەبوو "نەنکم" ئەو حیکایەتەی بۆ گێڕابوومەوە.

شــەوانە بــە دەوری یــەکدا کــۆ دەبووینــەوە و ئــەویش دەســتی بــە گێڕانــەوەی حیکایەتەکە دەکرد.

«لـە دەورووو گـەڕێم، لـە منـوو کـەوێ ڕووزەردی لای پاڵـەوانم نەکـەن بـە گـەرمی بەرەو پیری بچن شایی بکەن.»

هەر بۆیـە دەڵـێم شـەوانە چونکـە لـە لای ئێمـە شـەو و ڕۆژ نیـە، تـەنیا هـەر شـەوە و شەو، بۆیە ناڵێم ئەو ڕۆژە، ئەو نیوەڕۆیە، لـە لای ئێمـە ژیـان هـەر بـە سـەرپردی شـەودا ڕادەبـرێ و شـەویش ئاوێتـەی ژیـن و خـوێن و دڵ و گیانمـان بـووە، زۆریـش سـەیرنیە ئەگـەر لـە نیوەشـەودا تـاو هـەڵبێت یـان بایـەکی بەقـەوەت پـەردەی شـەو هـەڵداتـەوە و ڕووناکی ڕۆژ، وڵاتی ئێمە بئەنگێوێ. ئیتر ئەو کاتەیە زانیت بە ورد و درشتەوە داومانەتە کێو و شاخ و خۆمان کردووە بە ئەشکەوت و کونە بەردان‌دا...

«دەبێ بڕۆین هەتاکوو شوێنێکی تاریک بۆ ژیان وەدۆزین...»

ئەوانەی دەوری داپیرەیان دابوو بە پەلە بوون حیکایەتەکـە تـەواو بـێ و چاویـان بـە پاڵەوان بکەوێ.

نـەنکم زۆرجـار تـاریفی جـوانی هـەتاو و شابسـک و درەوشـانەوە و ڕوونـاکی بـۆ کردبووین. ئەو بە تەمەنی خۆی ئەوی جارێک دیتبوو، دەیگوت: «پاڵـەوانی حیکایەتەکـەی من وەک هەتاو جوانە، یان ڕەنگ بێ هەر خۆی هەتاو بێ». بە هەموو جوانیەکانیـەوە، بـە هـەموو باشـیەکانیەوە... وەختـێ دەگەیشـتە ئـەو شـوێنە گـەورەیی ڕۆژ چەنـد دەبێـت و تیشکەکانی چەند گەز درێژن یان چۆن دەر و دەشـت ڕوونـاکی بەسـەردا دەبـارێ تـین و گـەرما بـە لەشـی زەوی دەبەخشـێ، سـوورەگوڵ بـۆی دەتریقێتـەوە و خونچـە گـوڵان پەپوولەی بزەی دەنیشێتە سەر لێویـان یـان چـۆن رووبارەکـان تاڤگـەکان دەبنـە شاباشـی

سەر و پرچی زێڕینی... ئیتر پاڵەوانی حیکایەتی داپیرە ئەوجار بەشەر نەبوو! هەتاو بوو، هەتاو.

... زۆر وشەی شیرین و نەخشینی دەکردە خەرمانەی دەوری حیکایەتەکە. جاری وابوو لە شوێنێکەوە بازی دەدا بۆ جێگایەکی دیکە، بەڵام ئەوندە بە وردی سەرنجم بە قسەکانی دابوو، ئەگەر بە ئەنقەست وشەیەکی مقەست دەکرد زوو دەمزانی کوێی بەجێ هێشتووە، هەر بۆیە خێرا دەمگوت: «داپیرە ئەوەت لەبیر چوو، فلان شتت بەجێ هێشت» ئەویش پێدەکەنی و لە وڵامدا دەیگوت: «دەزانم، دەرانم، بۆیە زۆر شوێن بازم داوە و برێک جێگام قرتاندووە تاکوو بزانم تا چەندێک دڵ و گوێتان بە حیکایەتەکە سپاردووە، ئەرێ لە سەروو گەڕێم».

«خۆزگە نەدەمردین چاو و دڵمان بە دیتنی پاڵەوان هەتاو ڕووناک دەبوویەوە...» ئەوە قسەی بیسەرانی داپیرە بوو کە بە درێژایی شەو، لە خەو و بەخەبەریدا بیر و هۆشمان، دڵ و گیانمان لەلای پاڵەوانی حیکایەتەکە بوو. تینوویی و تامەزرۆیی وای لێکردبووین ئەومان لە بلبیلەی چاوی خۆماندا دەدیت، باڵای ئەومان بەقەد هەموو باڵای شەو دەگرت زۆر جاریش لێمان دەبوو بە ئاوی خواردنەوە و بزەی شیرینی سەر لێوی زارۆ؛ بە گوڵئەستێرە و هاژەی شەماڵ و دەنگی شمشاڵەکەی قالەمەڕە یان بێدەنگی...!

بێجگە لە ئێمەی وڵاتی شەو، حیکایەتی داپیرە خۆی بە درگای جیرانەکانیشدا کردبوو. زۆر کەس ئارەزووی ئەو ڕۆژەیان دەکرد پاڵەوان بە چاوی خۆیان ببینن. گەلێکیش بەو هێوایەوە سەریان بردە ژێر گڵ...

شەو شەوێکی زستان، داپیرە هەموومانی لە دەوری خۆی خڕ کردەوە و حیکایەتەکەی بۆ تەواو کردین، گوتی: «ڕۆڵە شیرینەکانم جوامێران و چەلەنگان وە خۆ کەون ئەو شەو بە ورد و درشتەوە بڕۆن بە مەزاری دڵی خۆمان دەگەین...»

هەزاران کاوڕ و بەرانیان لەبەر پێی پاڵەوانی حیکایەتی داپیرە سەر بڕیبوو. خەڵک گوڵە ڕەشەکانی دەستیان لە خوێنەکە وەردا، بەسەر قارەمانەکەدا، یان هەر پاڵەوانەکەدا هەڵیانهاویشت و کردیانە شاباش. دار و بەرد بۆنی سووتانی لێهەستا. پاڵەوان لەنێو خەڵکەکەدا تەنیا سەری بەدەرەوە بوو. لە بەری پێوە هەتا تۆقی سەری ماچباران کرا، ماوەیەک ڕابرد ئاوڕم دایەوە داپیرە لە پشتمەوە دەگریا، چ گریانێک؛ کافر بۆی موسڵمان

دەبوو. لەپڕ بوو بە دەنگ و هەرا، پاڵەوان وەک تیشکێک لە دمی عالەمەکەوە دەرپەڕی و بە ئاسمانەوە بوو بە هەتاو. شۆڕابەی پرشنگەکانی بوون بە گڕ و ڕووناکی. لەنێو عالەمەکەوە دەنگ و هاواری چەند کەسێک وەک شیر هەڵچوو: «دەرکی بابانت بە قوڕ گیرێ داپیرە ئەوە چی بوو لێمان پەیدا بوو! چی بوو ئاوقامان بوو! ئەی هاوار کوێر و کوتر بووین!...»

کەمتر کەس هەبوو پەنجەی نەکاتە لەمپەر بۆ بەرچاوی، برێکیان هەر کوێر بوون چاویان دەرپەڕیە سەر بەری دەستیان، بەسەر عەرزیدا دەکەوتن و کەس فریای هەڵگرتنەوەیان نەدەکەوت.

ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمان چەقیبووە، تیرۆژەکان وەک شیشەی سوورەوەبوو لە چاوی خەڵکەکە ڕادەچوون، ئەوانەی کە چاوەڕوانی پاڵەوانی خۆر بوون کوێر بوون و گردەنشین کەوتن؛ تاریکی لە هیچ کەلێن و قوژبنێک جێی خۆ حەشاردانی نەمابوو، خەم و پەژارە باڵی وە سەر عالەمەکە کێشا، من و داپیرە لە هەموان کلۆڵ و پەشێوتر بووین. هەر کەسەی ڕووی کردبووە لایەک و کوێرانە هەنگاوی دەنا، لەوە نەدەچوو کەس بەرپێی خۆی ببینێ. بۆنی گۆشت و خوێن فەراقی سەری ئینسانی دەبرد. لە هەر دەرک و بانێکەوە هەر دەنگی گریان بوو دەهات. تەواوی بو ئەو چاوانە دەگریان بە تیشکەکان کوێر ببوون.

ئەوانەی گوێیان بۆ حیکایەتەکەی داپیرە ڕاگرتبوو کەمتریان بە ساغی دەرچووبوون. دەستە دەستە خەڵک سووتان و وەک گەڵای دار هەڵوەرین. بۆنی خوێن و هەڵکزان، دەنگی گریان و هاوار دەر و جیرانی وە زاڵە دەهێنا و ئینسانی دەهەژاند. خوێنی دڵی بریندارەکان هەڵدەچوو لە چاویانەوە سەری دەرکرد.

داپیرە بە هەموو هێزەوە دەستی گرتم، بەدووی خۆیدا ڕایکێشام. بەسەر سووتاوەکاندا بازمان دەدا، لە خوێن و برژاوەکان دەپەڕینەوە. هێڵنجم دەدا، خوێنم دەهێناوە، بەسەر عەرزەکەدا دەکەوتم. لە خوێن دا شەتڵ ببووم، هاوار و گریان ئاوری لە هەناوم بەدا، فرمێسک و خوێن بەسەر سووتاوو نیوە سووتاوەکاندا شەپۆلی دەدا. لەپڕ هاوارم کرد: «داپیرە بۆ کوێم دەبەی؟ بەرەو پیری پاڵەوانێکی دیکە؟... تۆ دەتگوت پاڵەوانی حیکایەتی من هەتاوە، ڕووناکیە، تاریکی هەڵدەبڕێ!»

هەڵــدەهاتین و دەنــگ و گریانەکــەمان بــەجێ دەهێشــت و دوور دەکەوتینــەوە. کوێرەکان دەستە کوتەیان بوو، دەکەوتن و سەرەنگرێ دەبوون. دیسان نەڕاندم:

«ئەوە بوو ئەو پاڵەوانەی تۆ بە شان و باڵت هەڵدەگوت. کردبووت بە شەکر و شەربەت لە زاری ئەو خەڵکەدا؟...»

هەتا هێزم لە بەردا بوو نەڕاندم، هاوارم کرد، کەچی نەدەگریام. فرمێسک بە چاومدا نەدەهاتە خوارێ! داپیرە بە هەموو هێزیەوە پیلی گرتبووم ڕایدەکێشام، وەک پەلەپووش وا بووم بە دەستیەوە؛ هەڵدەهات و لەگەڵ خۆی دەیبردم.

گوێم لێ بوو داپیرە بە دەم گریانەوە دەیگوت:

«دەبێ بڕۆین هەتاکوو شوێنێکی تاریک بۆ ژیان وەدۆزین، هەتاکوو چنگی هەتاو و تیرێژەکانی پێمان نەگات، دەبێ بڕۆین...»

## سەرلانکەی ڕەش

بەم شەوە تاریکە لەمێژ بوو لەم کەلاوە لاڕووخاوەدا چاوەڕوانی دەکردی. لە ڕێگەدا چەند جارێک بە ترسەوە ئاوڕت دایەوە؛ بڵێی هاتبێ؟ ڕەنگە لەمێژ بێ چاوەڕوان بێ. هەنگاوکانت خێراتر کرد: یاڕەبی بابە لە قەبرەکەش‌دا نەحەسێیەوە... دڵم بە تۆ خۆشە، لەگەڵ تۆمە، بیر لەچی دەکەیتەوە؟ بۆچی وا ماتی؟ پەرێشانی چی؟ دەستت لە پشتێنەی هەڵپێکا، سەرت نابە سینگییەوە، بۆ چەند چرکەیەک وستەت لە خۆت بڕی، لەوە دەچوو بۆ یەکەم جار گوێت لە دەنگی لێدانی دڵ بێ. نا! ئەو جارەت هاتەوە بیر کە گوێت بۆ دڵەکوتەی دایکت هەڵخستبوو. بە هەناسە هەڵکێشانی هیوا، گەڕایتەوە نێو باوەشی، تۆ ئەوت لە ئامێز گرتبوو. باسکی لە ملت ئالابوو، پەنجەکانی لەیەک هەڵپێکا بوو. هەناسەیەکی دیکە، بسکەکانت بۆ چاو ترووکانێک هەنیەتیان بەجێ‌هێشت.

ماچ کردن و ڕامووسانێکی سارد! زیاتر بە خۆتەوە کوشی؛ ویستی شتێکت پێ بڵێ، ئەو ڕامووسان و بەخۆوە کوشینەت پەژیوانی کردەوە... هاتی تۆ شتێک بڵێی. ئەی بۆ بێدەنگ بووی؟ کێ بوو ئەو پرسیارەی کرد؟ چاوت بۆ چاوی گێڕا. لەمێژە چاوی هیوام ون کردووە، چاوی خۆشم، چاوی...، وەبیرت هاتەوە پەسیوێکە تاریک: ئەرێ بڵێی لە تاریکیش ڕەشتر هەبێ؟ هێشتا زۆری ماوە مانگ دەربکەوێ. بە دەستەکوتە یەکتریان حاڵی دەکرد. پێمان بزانن...، مچرکێک بە لەشتدا چۆڕاوە، لە پەنجەی پێتەوە ڕژا، بەروکت تەڕ بوو، بەسەری پەنجەی شەمامە شلەکانی دەکوشی، پەنجەی بە گوێ مەمکتدا هێنا، دەمی هێنا بن گوێت، هالاوی هەناسەی گەرمی دڵی تاساندی،خۆێنە گەرمەکەی لاجانگت وەبیر هاتەوە، نەتزانی بابی کوڕەکەت لەسەر چی لێی‌دابووی، ڕەنگە لەبیرت نەمابێ: "شیرە یان ئارەقەیە؟" کڕ بووی، زووش وەخۆ هاتیەوە ترسی لە دەستدانی کاتت بوو. دەستت لە میلەوە بەسەر سنگی‌دا گێێڕا: کوڕەکەم هەستاوە، بۆ مەمک دەگری، زۆر بە گەرمی بە خۆیەوەی کوشی. ماچێکی لەسەر کوڵمت دزی: "چۆن

دەزانی هەشتابێ؟ تۆ لێرەوە ئەو لە ماڵێ، خۆت لە باوەشیدا شل کرد. پێت خۆش بوو گیانت لەگەڵ گیانی، دڵت، خوێنت هەموو لەشت لەگەڵ هیوادا تێکەڵ بێ، ببن بە یەک، وەک ئاوی ڕووبارەکان وەک دوو چۆمان... ، بە نازێکەوە: دەزانم، هەرکات برسیبوو خەبەری دەبێتەوە لە شیرین خەویشدا بم مەمکم بۆی دەبزوێ!" ئەی ئەگەر زانیان، هاتوو بابێ؟ نازانێ! چۆن کە وابێ مردووە. ئەرێ مردووە! دەی خۆ کوڕپەکەشت دەمرێ، تا دەگەیتەوە ماڵێ دڵی دەتۆقی! چش! تۆ خۆش. مانگ پەردەی شەوی لادا، مانگیش کۆرپە بوو، ئەرێ کات درەنگە؟ با کەس پێ نەزانێ دەڕۆم. دەرگای ژوورەکەت قەڵەشتەوە. خۆت گەیاندە سەر بێشکەکە. «تازە خەوتۆتەوە، دایکت بمرێ. زۆر گریای؟ قەزات لە من، بە قوربانت بم بۆ گریای؟ دەستت بەسەر ڕوومەتیدا هێنا. کۆچکەکەی سەری خووسابوو، مەمک خستە سەر زاری، خەبەری بۆوە. دەسرازەکەت شل کردەوە. دەستیت، دەرهێنا بە لەز قومی لێدا: "یا ئەڵڵا! یا ئەڵڵا!" ژێر سەریت بڵند کرد. یا غەوس! یا چاک و پیران! تۆزێ سەبرت بێ ڕۆڵە، با لە گەرووت نەگیرێ. زرمە لە شتت هەستا! ئاور لە لاڕوومەتت بۆوە، ئیتر بە خۆت نەزانی...، چڵە تیشکێک لە دەلاقەکەوە خۆی بە ژووریدا کردبوو: نەتدەتوانی ڕاست ببیەوە، چەند جار ویستت هەستیە سەر پێ، هێزی ئەژنۆت نەمابوو شەوی بووکێنیت وەبیر هاتەوە، چاوت بە پەنجەت کەوت، ڕەنگی سەرپەنجەکانت سوور، سوورێکی شیلانی، سێ ریز فرمێسک بەسەر ڕوومەتدا هاتنە خوارێ. یە هێمنی، بە دەم هەنیسک دانەوە، هاوارت کرد، سەر و قژی خۆت ڕنی، پاڕایتەوە: "لەسەر چی بۆ لێت دام؟" ئێستاش کە ئێستایە پێی نەوتی. چەند جارێکیش لەوەختی خۆشیدا، ئەم پرسیارەت لێکردبوو: هەر پێت نەوتم، ئەوەڵ شەو کە پێت نایە ژووری بووک و زاوایی لەسەرچی لێت دام، ئازای گیانمت شین کردەوە؟! خۆ من و تۆ قەت یەکترمان نەدیبوو، مارەش کرابووم، تا نەهاتمە بەر درگا، هەتا قۆڵمت نەگرت نەمدەزانی زاوا کێیە! لە نێو دەنگ و چەپڵە و هەرای خەڵک و منداڵاندا زانیم مێردم بە تۆ کردووە. چ غەدرێکم لە تۆ کردبوو؟ بۆ چەند چرکەیەک دەستەکانی هیوا پەنجەی کوشی، لێوی بەسەر ڕوومەتتدا هێنا، ژان و هێشەکەت لەبیر چۆوە...، بەرچاوت ڕووناک بۆوە، خۆشی خۆی کردەوە بەنێو هەناوتدا. لانکەکەت ڕاژاند. لەبەر خۆتەوە:

ـ لانک لانک لانکۆڵێ/ لانک لە دار خورمایە/ دەڵێ لە لانکەدا نانووم/ تازە گەورەبووم دایە/ ئەی ڕۆڵە سەر دڵ خڕ بی، باب مردوو بی/ شەو درنگە بۆ جێژانی/ ئەوە ڕۆژی ڕووناکە/ هەموو عالەم دەزانێ.

هەناسەیەک و چەند دڵوپ فرمێسک: کاکە! یاڕەبی قەت کردەت کۆ نەگرێ. نانت هەبێ و دۆت نەبێ. هەر تۆ بیکەی خودات نەتداتێ! تەنیا دوعای مردنت لێناکەم، نا، نا، زمانم لاڵ بێ، یاخودا کەس بێ برا نەبێ. دایکیشت هەروای وتبوو: "برا پشتە. باب کۆڵەکەی ماڵە، برا چرای نێو ماڵە."

ـ "دایە من هیوام خۆش دەوێ، بمێنم هی هیوام، بمرم هی خاکم!"

ـ "بابت و کاکت دەتکوژن، گۆشا و گۆش سەرت دەبڕن. لای کەسی دیکە ئەو شتە نەڵێی، نەکردن نەبووە."

...؟ نا! بەشی من لە دنیای ڕوون تەواو بوو.

ـ "تۆ بەرخۆین دەجی، ئەگەر مێردی پێنەکەی، کاڵێم لێ دەستێننەوە. کاڵێ، من بە بێ کاڵێ دەمرم!"

ـ "کچەکەم ئەگەر نەیکەی کاکت دەکوژن، خۆ تۆ هەر دەبێ مێردی بکەی. برای کاڵێ و هیوا بۆ تۆ هیچ فەرقیان نیە! منیش هەروا بووم. بەختی دایک جیازی کچە، دایکی خۆشت ژن بە ژنەی پێکراوە، تازە لەگەڵ ماڵ و مێردی خۆشم لاقم ڕاکێشا. دەبێ ئەو خوێنە ببەستین، کاکت کاڵێی کردووە بە ژن! خۆشی ویستووە. پێیان زانیوە، کار لە کار ترازاوە، لە تۆڵەی ئەو کارەدا، کاکت دەکوژن."

ـ "چی لە هیوا بکەم، هێشتا منداڵ بووین یەکترمان خۆش ویستووە."

ـ "داوام بکە، بنێرە خوازبێنیم."

ـ چۆن داوات بکەم، خوازبێنی چی، نە خوشکم هەیە و نە ماڵی دنیا!"

ـ "هیوا خۆزگە جارێ مانگ سەری هەڵنەهێنابا! ئەمشەو کوڕەکەم وا زوو خەبەری نابێتەوە؛ هیوا ئەمشەو زێدە لە شەوان بۆوا سارد و سڕی، دەستت بێنە هیوا، بۆچی وا شلی، هیوا، هیوا..."

تیشکی مانگ بەسەر شان و ملی کەلاوەکەدا پژابوو. "ئای پشتم شکا..." نەتزانی یەکەم زەبر هی کاکت، یان هی مێردەکەت. بۆ دوا جار هاوارت بەرز بۆوە: "هیوا تۆ خۆت دەرباز کە...، با هەر من بمرم ئەوە دوو جار کوژرام! بڕ...ۆ...

# دەروازەی زێڕین

ئەمن چیرۆکەکە دەگێڕمەوە، ئەتۆش هەر بڵێ مۆدێرن نیە!

ئێستاش هەر ئاسەواری کەلاوە و دار و بەرد و دیواری لاڕووخاو و گۆڕستان و قەڵا و دەروازە و شەقام و کوڵانی تەنگەبەر، سواڵەت، قەمچی و زنجیر و ... هەرماوە!

شار لە مابەینی دوو کێوی سەربەرز و سەوز و سەربەتەم دایە، ڕووبارێکی روون و بە خوڕ لەبەر پێی بناردا هەر لە کۆنەوە هاتووە و هەر دێش. شار وەک لە باوەشی بێشکەیەکدا بێ وایە. هەتا چاو هەتەر دەکا ماڵە و کەوێڵ، دووکانە و بازاڕ، شەقامە و کۆڵان، دیمەنی دڵگیر و ڕازاوە. دەوروبەری شار، دارستان و قۆرغ و باغە، ئاوەدانە. خەڵکی شار، شەو خەون بە خۆیانەوە دەبینن هەموو جوامێر، میرزا، وەستا، دوکتۆر، ئەندازیار، وێنەگر، شاعیر، حەیران بێژ، سەیدای مەزن و دەسنەخشین. بەیانی وەختێک لە خەو هەڵدەستن، دووکانی سەوزەفرۆش، قەساب، کووتاڵفرۆش، ئاسنگەر و زێڕینگەر، سەری مار و مێروویان تێدا وە دەست دەکەوەێ! بەڵام ...

دوو دەروازە، یەک لەو سەر و یەک لەو سەری شار دەکرێتەوە و دادەخرێ. شار بە دیوارێکی بڵند دەوری گیراوە، لە سەر ئەمر و فەرمانی میر، داروغە لە شاردا دیت و دەچێ. پۆلیس و یاساوڵی برسی وەک تووتک بە شوێنیەوەن. داروغە لەبەر دەروازەکاندا پاسەوانی داناوە. هەر کەس بێت و بڕوا، ئەشێ لە ئەمری میر و فەرمانی داروغە دەرنەچێ! بە پێچەوانەی ئەو شتە بە گوێرەی قانوون ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ و سزا دەدرێ. کەس بۆی نیە بە بێ ئیزنی پیاوانی داروغە لە دەروازەکان بچێتە دەرێ و بێتە ژووری! هیچ کەسیش بۆی نیە بەبێ کڵاووکۆچکە لە ماڵ دەرچێ!

هەر ئەو ڕۆژەی میر، "دار"ی ڕەوڕەوەکەی فڕێ دا، بۆیان کرد بە کورسی، ئەویش قوونی مەبارەکی لەسەر دانا و ئەمری فەرموو، هەر ماڵە و پیاوێک بۆ سازکردنی

دەروازەکان بەشێوەی بێگار هەتا دانانی ئاخر خشتی کار بکەن. دوای یەک دوو ساڵ دەروازەکان تەواو بوون ئەویش چ تەواو بوونێک!

بە ئەمری میر، دارۆغە پاسەوانی لەبەر دەرگاکان دانا. هەر کەس بێتە ژووریَ دینارێک بدا، ئەوەی بڕواتە دەریَ نیو دینار. دارۆغە هەموو ڕۆژیَ لە کاتی خۆیدا ئەو پارەیەی دەخستە سەر خەزانەی میری. چەند ساڵ بەم شێوەیە هات و ڕابرد. کەس متەقی لێوە نەهات! دەنگ و بۆڵە و خوتە نەبیسترا، لەگەڵ نویَ بوونەوەی ساڵ و هاتنی بەهار، میر ئەمری فەرموو:

"دارۆغە! ئەوەی هاتە ژووریَ دینارونیوێک بدا چوونە دەریش تەنیا یەک دینار."

باری ژیان بەسەر ڕێگای میریدا ڕێچکەی کرد و ڕابرد. کەس نەبوو لەژێر ئەوبارەدا شەل و ناقایل بیَ! دەشکریَ ناڕازی هەبوون بەڵام فرە کەم.

میر هەر لە بەیانییەوە ڕیش و سمێڵی لە خەنە دەگرت. بزە هاتە سەر لێوی. لەبیری ئەوە دابوو. وەختێک لەسەر ئەو شارە کەونە دەستی دەڕوا، بۆ سبەینیَ چ دارتەونێک هەڵبەستیَ. هەر جارەی کە ساڵ دەهاتە کۆتایی، شەویَ لەگەڵ دارۆغە دەخزانە پەناوپەسیوان. دەکەوتنە سرت و خورت. چەند ساڵ ڕابرد. هاتوچۆ پتر لە جاران. هاتنە ژوور بازیدا چووە دە دینار. چوونە دەر بوو بە پێنج دینار. شەوێک میر لە دارۆغەی پرسی: "ها بڵیَ بزانم؛ خەڵک گلەییان هەیە؟ وەزع و ئەحواڵاتی شار چۆنە، ڕازین، تووڕەن، چی دەڵێن، چی ناڵێن؟"

گیرفانەکانی دارۆغە دەتگوت مار پێوەی داوە، لەبەر دەم میریدا خۆی نوشتاندەوە و گوتی: "بە ساقەی سەرت بم، جا بۆ کەس غیرەت دەکا ورتەی لە زار بێتە دەریَ! هەموو ڕازین و سەرخۆش، بارە هێلکەیان لیَ بنیَ لەنگە ناکەن! میر دەستی بە سمێڵ و ڕدینە خورماییەکەیدا هێنا و لەبەر خۆیەوە گوتی:"سڵامەتن، سڵامەتەکەی درێژ کردەوە.

ئەوجار ئەوەی دێتە ژووریَ دە دیناری لیَ بستێنن و کونێک لە گوێی بکەن، ئەوەی دەڕوا با دە دیناربدات." دارۆغە سەری بەرداوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:"بەڵیَ گەورەم بەسەر چاو" پاشەوپاش کشاوە و ڕۆیشت.

خەزانەی میری بە لۆدە دیناری لیَ هەڵدراوە. کەمتر کەسێک مابوو گوێی کون نەکرابیَ هەرچی میر، دەیفەرموو دارۆغە و یاساوڵەکانی هەر بەسەرچاو بە ڕێوەیان برد. ساڵی نویَ بۆ میری خێرا، بۆ خەڵک بوو بە کیسەڵێکی شەل. فەرمانی تازە درا. خولی

ڕۆژگار، ڕانەوەستا. هەرکەس هاتە ژووریٚ گوێیەکیان بڕی و دە دینار، ئەوەی چووە دەریٚ دە دینار و گوێیەکیان کون کرد. کەمتر کەس مابوو دەستی بە بناگوێیەوە نەگرتبیٚ و خوێن شان و ملی نەخووساندبیٚ!

"ئەی ئەوەی پووڵی نەبوو چی دەکرد؟"

دارۆغە هەواڵی بۆ میری بردەوە:"بە ساقەی سەرت بم کەس دەنگی لێوە نایە! هاموشۆ وەک جاران ئاساییە. خەزانەش پڕ لە دیناری سوور!" میر لە لایەک بەو حاڵە کەیفساز و لەلایەکی دیکەوە، وەختێک خۆی لە ئاوێنەدا دەبینی، کە خەریکە باڵی عومری هەڵدەپڕووزیٚ، سەری کز دەکرد. گەڵاڵەی لەوە پێش داڕێژراوی بە دەستەوە بوو. فەرمووی:"ساڵی تازە بەڕێوەیە لەمڕۆ بە دواوە ئەوەی دەچێتە دەریٚ دە دیناری لیٚ وەربگرن و گوێیەکیشی ببڕن، بۆ هاتنە ژووریش دە دینار و بڕینی هەردوو گویٚ!" وردە وردە لەبەر دەروازەکانی شار گوێی بڕاو هەڵدراوە! کەس پرتە و بۆڵەی نەبوو! کەم کەم بۆنی خوێن لەبەر دەروازەکانەوە خەریک بوو هەڵدەچوو، دارۆغە ناچار بوو ڕۆژیٚ کاروانێک خویٚ بێنیٚ بۆ داپۆشینی گوێچکەکەی بڕاو، هەتا بۆن شارکە هەڵنەگریٚ. مانگ و ساڵ هات و ڕابرد. هەر کەسێکت دەدی دەستی بە گوێیەوە بوو. میر ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕدێنی لە خەنە دەگرت دەستی بە سمێڵیدا دەهێنا. دارۆغە و یاساوڵەکان تێکسمڕاو، چاو سوور. ساڵ تازە بۆوە میر زانی خەڵک بەو حاڵە ڕازین ئەمری فەرموو: "بۆ هاتنە ژوور، دە دینار و قرتاندنی پەنجەی دەستێک.، بۆ چوونەوە دەریٚ بڕینی هەر دوو گویٚ و دە دینار." کەس هاواری نەکرد. دارۆغە وەختیٚ زانی بازاڕی خۆشە، بە هاموشۆچیانی وت:"یان پازدە دینار، یان پەڕاندنی پەنجەی دەستی ڕاستە." هاتوچۆ بەردەوام و لە جاران خۆشتر. پەنجەی پەڕیو و گوێی بڕاو لەبەر دەروازەکاندا هەڵدرانەوە. هەڵمی خوێنی پەنجە و گوێی بڕاو و مێش و مەگەز وەک مژ بەسەر دەروازەکانەوە ڕاوەستا. دارۆغە ئەوەندەی خویٚ بە شانی پیاوەکانی کێشا، ئەوانیش برینداربوون. مێش دەوری دان و بۆگەن بوون. بۆنی خوێن و پەنجە و گویٚ بە نێو شار و بازاڕدا بڵاو بۆوە. گەیشتە سەرسەرا و کۆشکی میر. مەخابن میر، وردە وردە پیر ببوو! دارۆغەی بانگ کردە لای خۆی و وتی:"هەر کەس بێتە ژووریٚ دە دینار و دەستێکی لەبن هەنگڵییەوە ببڕن، ئەوەی دەچێتە دەریٚ دە دینار و پەنجەی دەستێکی." خەڵکی شار بە دەگمەن مابوون لەبەر دەروازەی زێڕین باڵ و پەنجە و گوێیان نەبڕابیٚ. میر، پەرێشانی ماوەی

عومری خۆی بوو. هەر جارەی بیری لە کپ و بێدەنگی شار دەکردەوە بزەی منداڵی دەگەڕایەوە سەر لێوی. شەوێک لەگەڵ دارۆغە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن:"ئەوەی ڕوو دەکاتە شار یان چاوێکی قەلپووچ بکەن، یان هەر دوو دەستی بپەڕێنن. ئەوانەی لە شار دەچنە دەرێ بە پەڕاندنی دەستێک لە کۆڵیان ببنەوە! بێجگە لەوەش دە دینار پێشکێش بە دەست و گیرفانی دارۆغە و میری دەکرێ." ئەوەشیان بە قازانجی دارۆغە تەواو بوو. هەر لە هەوەڵی ساڵی تازەوە ئەمر و فەرمان وەک جاران بەڕێوە چوو. دارۆغە بیست دیناری کردە مەرج. خەڵک سەرپشک بن لە دەست و لە چاو! میر هەناسەی بۆ پووشووی عومری هەڵکێشا. لاقی لەسەر لێواری قەبر دانا! ڕۆژێک بە دارۆغەی وت:

"خەڵکی شار لە چ حاڵ و ئەوزاعێکدان؟" دارۆغە عەرزی کرد:"بە ساقەی سەرت بم، ڕازی زۆرە، جار جار پرتە و بۆڵەیەک دەکرێ ئەویش لە ترسی شەق و پێلەقەی پیاوەکانمان هەر زوو بێدەنگ دەبن. کەس ناوێرێ دەنگ هەڵبڕێ!"

میر بە دەستە لەرزۆکەکانی بڕێک بناگوێی هەڵکراند. وەک ئەوەی بڵێی وڕێنە دەکا:"دارۆغە! ئێستا وا هەست دەکەم تین و گوڕەکەی ساڵانم نەماوە. ئەتۆ بڵێ چ نەخشە و پیلانێکیان بۆ بکێشین؟"

دارۆغە زیتەی چاوی دەهات، سەری بەرداوە و گوتی:"بە ساقەی سەرت بم وئەگەر بۆنی خوێنی دەست و گوێ نەمانخنکێنێ، هەر ئەوە ماوە سەد دیناریان لێ بستێنین و ...!" تۆزێک شەرمی کرد!

میر هات بڵێ ئەوەش بیرێکی خراپ نیە، مێش و مەگەز لەگەڵ لافاوی خوێنی دەست و گوێ خۆی گەیاندە کۆشک و سەرسەرای میری.

میر ... ی ... ی

## دەنگی چەپڵە و نێردیوان

لە خەیاڵی خۆمدا چاوم لە (سەرێ) بڕیوە، وەک هەنارێک مێشکم هەڵدەکوشم، چاو لە بەرزاییەکە دەبڕم؛ ئێوە بڵێن ئەو بەرزاییە کۆشکە یان لەویش بەرزتر،گرنگ ئەوەیە من لەمێژە مرخی خۆم لێخۆش کردووە. ئەوەندەی بۆسەرێ دەڕوانم، شایی لە دڵم دەگەڕێ. هەرکەس لە خۆاریڕا بۆم بڕوانێ کڵاوی لەسەر دەکەوێتە خوارێ؛ لەمێژە بیری لێدەکەمەوە! پەیژەیەکی ئاسنیان بۆ داناوم، ئەو سەری لەبن گوێسوانەکەدا هەڵ کورماوە. زۆری وەکوو من هەن ئیشتییای چوونە سەرێیان هەیە!

بەڵام! ...،

ئەو بەڵێنەی پێم داون لە دڵی خۆمدا بۆیان تازە دەکەمەوە! حەشامەت دەوری ئەو کۆشکەیان داوە، ئەوان لە دڵی خۆیاندا بیر لەچی دەکەنەوە؟ ...

بە هیوای سەرکەوتن دەستیان بۆ بەرز دەکەمەوە، هەر وەک دەنکی هەنارێکی مزرم لە دەمدابێ دەمم پڕ دەبێ لە ئاو ...، دەستەکانم هەڵدەگلۆفم؛ بۆ چەند دەقیقەیەک خەیاڵ دەمباتەوە لەپڕ بە گوڕ و تینەوە بەرەو نێردیوانەکە رادەکەم، وەسەر دەکەوم، دەنگی چەپڵە و هوڕاکێشانی خەڵک هانم دەدا هەر وەک باڵندەیەک بۆ سەرکەوتن، باڵندەیەک بە بنمیچی ئاسماندا دەفڕێ هەناسە بۆ باڵەکانی هەڵدەکێشم! دەنگی چەپڵە دێ، بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوم. ئێستا لەنێو قەدی نێردیوانەکەدام؛ کێ دەڵێ بیر لە خوارێ دەکەمەوە، دیسان زەردە خەندەیەکیتر ... هەر من بەرز دەبمەوە و حەشامەت سەریان بە پشتەوەدا دەشکێ! دەستم لە ملی گوێسوانەی ئاخرین سەربان کردووە؛ دەنگی چەپڵە وەک خرمەی پۆستاڵی ریژەوان دێتە بەرگوێم.

پلیکانێکم ماوە نێردیوانێکی رووت بەجێ بێڵم:

شەپۆلی هەوایەکی فێنک وەک کەتانێکی خاو وەسەر دەست و دەموو چاوم دەکشێ، دەنگەکان وەکوو سێبەر بە دیواری کۆشکەکەدا سەر دەکەون؛ ئێستا لە باوەشی ئەو سەربانە بەرزەدام بڵێی بۆ چەند چرکەیەک ئۆقرە بگرم؟ لە تەختی نێو چاوانمەوە روومەتم بە ئارەقەوە دادەماڵم، دڵم وەک چەپڵەی شێت دەنگی دێ خۆم قیت دەکەمەوە، بەسەر پێوە رادەوەستم سێبەرەکەم بەسەر خەڵکەکەدا دەکەوێ، لە دڵی خۆمدا دەڵێم: هیچییان لە دەنکە جۆیەک گەورەتر نین!

کڵاوەکەم لەو سەرەڕا بۆیان بەردەدەمەوە!

پێم وابێ خەریکم چاو لە سەرێ دەبڕم! ...

## چارشێو

تۆزی پەژارە و خەم بەسەر سەریدا کڕێوەی کرد. شۆرەکاتی ژیانی زاری لە ئاسمان داپچڕی، مانگ و رۆژی پێدا چووە خوارێ. گڕەبای هەناو برژێن وەک شەپۆلی قامچی زۆرداران شەقەی لەبناگوێی هەستاند.

پووشووی عومری بوو بە سووتووی بەرگوڵبێنەی ئاگردانی مێژوو، موچڕکێک کەللەی سەری سمی و باشوو ئاسا بەنێو مێشکیدا رابرد. لە بیری چووبۆوە (بۆ خۆی سەیری دیمەنی بەرد بارانەکەی کردبوو، یان بۆیان گێڕابۆوە) نەیزانی لە کەیەوە پاڵی بە دیوارەکەوە داوە، تازە دانیشتبوو باوەشی کردبوو بە ئەژنۆیدا، بە گوڕەی بابی راچەنی «دیڵە سەگ! بۆ دەستت هەڵپێکاوە، فکری چی دەکەیەوە!؟» ئەوەندە لە حوجەت هەڵبەزیەوە چاوی خێل بوو؛ زەمانیشی بە مەڵاشوویەوە نووسا! بە دیوارەکەوە بوو بە قالۆرێکی هەپەسێردراو، بە لاڵە لاڵ گوتی: «هی، هی چ، بابەگیان، فکری هـ ... چ» روانینەکەی بابی وەک دڕک و چاڵووک لە چاوی کچە راچوو، پێی گوت:«چاوت ببەستە! زمانت گرێ دە، قسەیەکت لێ ببیستمەوە گۆشاو گۆش سەرت دەبڕم!»

نەیزانی لە کەیەوە بەسەر پێوە راوەستاوە، لە حاستی خۆی ئەژنۆی نوشتاوە و دانیشتە سەر عەرزی؛ قسەکانی دایکی وەک کوتکی ئاسنگەران زرمەی لە تۆقی سەری هەستاند: «هەتا بابت نەڵێ، نەخەڵەتابی لەلای دانیشی!» قرچە پێ راست بۆوە، بە لێوە لەرێ گوتی: «هیچ، فکری هی ... چ»

بابی گلۆپی ژوورەکەی کوژاندەوە، دەرگای لەسەر پێوەدا. لە دنیای خەو و بەخەبەریدا سەری کردە سەر کۆشی دایکی، ئەوە یەکەم جاربوو چۆلەکەی غیرەتی دایکی باڵەفڕەی کردبوو، سەردەمەی لەسەر بێشکەی ئازاری هەڵدابۆوە، پێڵوی ترووکاندبوو بڵێسەی دەروونی چاوەڕوانی وشکاڕۆی چاوی کرد.

ئەو بۆنی سێبەری باران و مێرد، لەمێژ بوو قەندی حەزوو ئاواتی تاواندبۆوە. قسەکانی بە شانە چرکێ لە مابەینی مقەستی لێویەوە سەرەتاتکێیان بوو، گوتی: «لەسەر پشتی لانک مارەکرا بووم لە کوڕێکی دە پازدە ساڵانە! بەرخوێن بووم» کچە، چاوە سوور و پڕخوێنەکەی بابی و باوەگەورەی هاتە بەر زەین. [پاش چەند ساڵ ژیانی بە دڵی دایک . باب! مێردم مردوو چوومەوە ماڵی باوان، کاکم پیاوێکی کوشت، بە من خوێنەکە داکوژا! ئێستاش دایکی تۆم، هەستە هەستە بابت هاتەوە! بزانێ باسی چی دەکەین سەرمان دەتاشێ!] بە جیڕەی دەرگا، ڕەنگی هەردووکیان بوو بە جاوی سپی!

لە بیری چووبۆوە بۆ خۆی لە سەیری بەرد بارانەکە بوو یان بۆیان گێڕابۆوە. بەسەرگەمیەی خەیاڵەوە لەنجەی دەکرد. شەپۆلە بە سامەکان بەرەو رووی دەهاتن و ددانیان لە چیرەوە دەبرد.

بڕێک بەنێو دیوەکەدا گەڕا، لە کام دەلاقەوە بۆ شانۆکە بڕوانی نەیدەزانی. بە دەستە کوتێ جێگایەکی بۆ دانیشتن پەیدا کرد، دەموو چاوی خستە نێو لەپی دەستیەوە ئەوکاتەی وەبیر هاتەوە، تازە خەریک بوو دەرو ژووری دەکرد، خۆ ڕەنگبێ زۆر گەورەتریش بووبێ، دایکی پێی گوتبوو: «بڤە» یان ئەو وەختەی لە هەموو لایەک دەهاتەوە، گوتبووی «کچ» بەسەر تەنافێکدا دەڕوا، بەسەر ئاگردا رایەڵ کراوە.

نەڕە نەڕەکەی باوەگەورە چڕنووکی بە هەناویدا هێنا، تاریک و روونی بەیانی خەڵکی ئاوایی بەسەردا ڕژاندن، بۆگەنی دەنگی تێکەڵ بۆنی ڕەشی شەوبوو، نەڕاندییەوە:

«ڕوومەتت وەدەر کەوتووە هەی ... لەچی بوو ...»

هەرچەندە دایکم، گریا و هاواری کرد، دەنگی وەسەر دیواری دەنگی باوەگەورە نەکەوت ... «هەی ناپاک» دەمت گرێ دە، خەریکە ئابڕووم دەبەی، چەند ساڵە پێت دەڵێم مێرد بکەوە، کەچی لە وەلامدا دەڵێت: «لەسەر منداڵی خۆم دادەنیشم، ئاخە لە دووان خێرم نەدی، تازە شووی چی» ـ لەنێو عالەمدا سەرم شۆڕ دەکەی؟ دەبێ بتکەم بە پەندی ئاوایی» فرمێسک بەسەر گۆنایدا خزین بۆ سەر عەرزی؛ پێی خۆش بوو کەسێک پێی بڵێ خۆت سەری دیمەنەکەت دەکرد یان، بۆیان گێڕابوویەوە؟ دەنگی باوەگەورە وەسەر دەنگی ئاپۆرەی خەڵکەکە کەوت: «بەرد بارانی کەن، بەرد باران!!»

چارشێوێکی ئەستووری کۆنیان بەسەر دادا. بە ئاستەم چاوی بەدەرەوە بوو، بە پاڵە پەستێ خستیانە نێو قوڵکەکەوە کەوا پێشتر ئامادەیان کردبوو، باوەگەورەی ئاوەدانی، بەسەر خەڵکیدا گۆڕاندی: «بەرد بارانی کەن! کچی منە بەرد بارانی کەن!»

خەڵک هەرکەسەی بەردێک و دوونیان بە دەستەوە بوو، باوەگەورە گوتی: «ئەوەی بەردێکی پێدا بدات جێگای بەهەشتە! دەی بەرد بارانی کەن ...»

کچەکە دوایین کەس بوو داهاتەوە و بەردی هەڵگرت، بەنێو خەڵکەکەدا خۆی گەیاندە سەر بەرد باران کراوەکە، لەوە دەچوو سەری بە دەرەوە مابێ لەپڕ وەبیری هاتەوە پێیان گوتبوو «بڤە» چاوی لە بەردەکەی نێو مستی کرد، دەستی شل بۆوە، بەرد کەوتە خوارێ، سەرنجی بەرپێی خۆیدا، ئەو جار زانی کە چاوی دەبینێ! دایکی بە بزەوە گوتی: «کەس نەماوە بچێ بۆ بەهەشت؟»

هاوینی (1380) هەتاوی

## مەلەوان و خەونی خەڵک

بـە دەم ڕێگـاوە پشـتی شـەقامەکەمان دەشـێلا... "ئـای خۆزگـە نـەدەمردم ئـاوی سـەدەکەم بـەردەدرا." مـامم تەماشـایەکی بێزاری کردبـوو، پێکـەنیبوو! چەنـد لـە مێژە بـە ئـاواتی ئەمڕۆکـەوە بـووی، عالـەمت لـە هـەراس نـا، ئـەوەی جارێـک بـە ڕێکـەوت لەگـەڵت هەستا و دانیشت ئەوڕۆ بۆ بەرەی کاری خۆت دیتنـەوە. ناحەقیشـت نیە ئەمسـاڵ نۆرەی پێشبڕکێی مەلەوانەکانە، ئەو جار، خۆ تۆش مەلەوانی چاکی! بۆ تۆ فـەرقی نیـە، ئـاوی لێڵ و ڕوون! بۆ هەڵمات بگەڕێی پەیدای دەکەی!...

ئـەوەی بۆتـۆ گرینگـە "کەواشـۆڕە" مەلـەوانێک ڕێگـەی چوونـە سـەدی هەیـە خـەڵک بیناسن، لەگەڵی بن، ڕچـەی بـۆ بشـکێنن. ئـەویش بـە دڵـی کەواشـۆڕ بیَ "مەلەوانـە ڕووتـە ئەمجارە دەیباتەوە!" چەند کەسێک لە پێشمانەوە ڕۆیشتبوون یەکیان ئەمەی گوتبوو.

... ئـای لـەو دەنـگ و هەرایـە، سـەگ سـێحەبی خـۆی ناناسـیَ، ئەمسـاڵیش مێشـکمان دەخـۆن. شـار و دیَ وەک زەرگەتـە دەورووژێـن. بێزار گوتبـووی: "بـەزمێکی خۆشـە! بـۆ کردنەوەی کونی گونجەیەک، ئەو هەرایە ساز بیَ، خـۆ ئەگـەر، ئـەویش نـەبیَ، ئـەو خەڵکـە دیـق دەکـەن، کـەڕوو هەڵـدێنن، بـەس نیـە تۆزێـک هەڵدەپـەڕن، چەپڵـە لێدەدەن بەخۆیانـدا دێنەوە، چارشێوی خەفەت لا دەدەن، تۆز و خۆڵی سەر خۆیان دەتەکێنن" دوور نیـە هـەر لە دڵی خۆیدا بیری کردبێتەوە. مامم چیدیکە لەگەڵمان نەهاتبوو. مەلەوان گوتبووی: "تەنیا و تەنیا ئەم کـارە بـە مـن جێبـەجیَ دەکریَ، سـەریشـم دانێم هێشـتا شـەرتی خـۆم دەبەمـە سـەر. لەبەر ئێوەیە، بەخاتری ئێوە!..."

ئەوەندە هاتە شوێنم، هێندە لە دووی ناردم، وەخت و بیَ وەخت، جاڕزی کردبـووم. کێوەکان لەوبەری شارەوە خەریکی قووتدانی خۆر بوون، ئێواریَ نزیک بـوو. بـە کۆڵانـە کۆنەکـەی "قـەڵا"دا سـەر کـەوتبووم، لووتمـان بــــە لـووتی یەکدا تـەقیبۆوە، بـوو بـە قیلـی کەوای سپی، مۆخی چنیبووم وتبووم: "بە دەندووک پێوە بووم!"

"بۆچی پێوە بووی؟"

- "بۆ هیچ! لەگەڵ تۆم نەبوو."

- "تاریفی تۆم لە لای عالەمێ کردووە، هی خۆت، شێعرەکانت، ئەو جاریش تۆ جێگات لەسەر سەری ئەو خەڵکەیە! زۆر لەمێژە لە تۆ و بێزار دەگەڕام بۆ شێو میوانی منن." پاکەتێکی لە گیرفانم ئاخنیبوو. مامم لە دوورەوە هاتبوو، بزەیەکم لەسەر لێوی چنیبوو بە توندی بەلاماندا تێپەڕیبوو. زرموکوتی تیپی مۆسیقا گوێیداروبەردی کپ کردبوو، ڕێژنەی چەپڵە شووشەی پەنجەرەی لەراندبۆوە (لەبەر درگای ماڵی مەلەوان بوو) ڕیزە وێنەیەکی بۆ دەست نیشان کرد بووم، لە دوورەوە: "ئەوانە هی منن! هۆوانەی بە تەنافەکەوەن "ئاخ لەو دەنگ و هەرایە، لەوانەیە گوێم کەڕ بێ، مێشکم بتەقێ، ئەو وێنانە ئەو وێنانە، هەر لە دێوجامە دەچێ!"

- "دەڵێی لە شتێک نیگەرانی؟ لەبەر خۆتەوە چی دەڵێی؟"

سەرم بۆ هەڵتەکاندبوو. بە قسە کردن لە دەنگەکە نزیک ببووینەوە، لە شەپۆلی خەڵکدا نوقم بووین. زەلامێک لەبەر پێماندا نوشتابۆوە، شانمان لە یەک ترازابوو. مەلەوان بە سەر شانییەوە، بە لاقی ئەو دەچوو بۆسەر بەرزاییەکە، ببوو بە چەپڵە و هوڕا کێشان، هەرکەس لە جێی خۆیەوە. درگا و بان لە خەڵک جمەی هاتبوو، مۆسیقاژەن هەر تاوەی لە هەوایەک لێیدابوو (هەی بێنن بێنن، تەختی بۆ بێنن) مەلەوان لەبەردەم تریبوونەکەدا ڕاوەستابوو، چەپڵە لێدان و هوڕا کێشان، دووبارە و چەندبارە... بە نیشانەی سڵاو کردن دەستی بۆ لای حەشاماتەکە ڕاداشتبوو، کەسێک گوڕاندبووی: "بێدەنگی بپارێزن، مەلەوان نوتقێ دەفەرموێ."

بڵێسەی زەنازەناکە بڕێک کز ببۆوە، مەلەوان زاری ببوو بە ئەشکەوت: "دەنگم دێ" شەپۆلی چەپڵە و هوڕا بەرز ببۆوە. ئەوانەی لە لای خوارێ بوون هەوڵیان دابوو بچنە پێشەوە، درگا و دیوار وێنەی مەلەوانی بە باوەشەوە بوو، لووتی سەرباری میکروفۆنەکە کردبوو: "ئێوە تێکۆشن ڕێگای چوونە سەرێم بۆ خۆش کەن بەڵێنتان پ..."

خەڵکەکە چەپڵەیان لێدابۆوە، پەنجەیان هێشابوو. یەکێ لە دواوە شانی کێشابوومەوە، ئاوڕم دابۆوە، بێزار... بە شانەچرکێ لە کەندەڵانی خەڵکدا خۆمان ڕزگار کردبوو. بێزار گوتبووی: "دوو ڕۆژە ڕۆژنامەم لە "شوانە" نەکڕیوە، بەر دووکانی شوانە لە خەڵک پوورەی دابوو، بێزار ڕۆژنامەیەکی کڕی، وەڕێ کەوتبووین، بۆ کوێ؟ نازانم!

چەند کەسێک لە پێشمانەوە شەقامەکەیان گەز دەکرد، یەکیان، وتبووی: "خۆزگە نەدەمردم! بمزانیبا کێ گونجەی ئەو سەدە دەکاتەوە!..."

یەکی دیکە: "لێیگەڕێ، قەشەماسیمان بۆ دەگرێ، قەت سەیری وا خۆش نابێتەوە!"
یەکی دیکەش:

"دارودیوار کراسی وێنەی مەلەوانی دە بەردایە، مەحلوومیش نیە کێ گونجەکە دەکاتەوە!"

لە هەموو شەقام و کۆلانێک دەنگی چەپڵە و فیتوو و هورا کێشان هاتبوو. بێزار سەری هەڵێنابوو، دەتکوت لە ئاوێنەی ئاسماندا سەیری خۆی دەکا دوای نەختێک سەری بۆ لای من وەرسووڕاندبوو: "تا بەیاني"، بە دۆعا" چەند شەقاو ئەولاتر کۆلانێک قووتی دابوو. هاشەی با دەنگی تیپی مۆسیقای لە مەیدانی شارەوە، لەبەر درگای ماڵی مەلەوانەکانەوە، بۆ دوور ڕاگۆێزابوو، حەشامات وەک چنارستان ڕاوەستابوون، یەکێ لە مەلەوانەکان بەسەر شانی زەبەلاحێکەوە جێی خۆش کردبوو، وێنەیەکی ڕەنگکراوی خۆی بەرەوڕووی خەڵک ڕاگرتبوو، لەوە دەچوو لە نزیک سەدێ کێشابێتی. پڕ بە باوەشی مەیدانەکە نەڕاندبووی: "خەڵکی... ن... ە"

لافاوی دەنگی خەڵک نەڕەی ئەوی وەبن دابوو.

- "برادەرینە! هەموو کەس ناتوانێ گونجەی ئەو سەدە بکاتەوە!"

دەنگی چەپڵە و هوڕاکێشان هەڵچوو بوو. "ئێوە ڕێگام بۆ خۆش کەن بچمە سەدێ، بە قازانجی خۆتان گونجەی ئاوەکە دەکەمەوە، ئەرێ خۆتان!" چەپڵە و هەڵپەرکێ، هوڕا کێشان...

هەرچەند ساڵ جارێک ئەم حەلانە، خەو و خۆراکمان لێ هەڵدەگرن، نە زووڕناژەن وەبەردەکەوێ، نە قامبێژ، "قالەمەڕە"ش بەکۆڵی حەمباڵدا ئەو پارە و پوولەی پێی دەدەن بۆی دەبەنەوە بەر دەرکێ! شەو تا بەیانی هەڵپەڕینە و گۆرانی گوتن.

ڕووم کردبۆوە ماڵەکەم، گڵۆپی ژووری نوستنەکەم هەڵکردبوو: "دەڵێی گیانی لەبەردا نیە، بۆ ئەوەندە زەرد و بێشۆقە" دەست دەکەمەوە بە خوێندنەوەی "حەمەدۆک" بەلام هیچم بۆ ناچێتەوە سەر یەک! گرمەگرم و هەراکە، مێشکم نازانم گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە یان...، ڕاکشابووم، یان، خەوتبووم، یان، من ئەو خەڵکەم، یان ئەوان مـ... ئاو هات، ولات بوومە، بە، بەرا... و... قورغ و باغ، شیناوەرد، بێزار، چوار، چوار وەرزی

ساڵ دەبێ بە بەهار... بە...هە...، سەدەکە، ماڵەکەم بوو بە ژێر ئاوەوە. بێزار، ئاو دەمانبا! هەڵ... ێ...، چی، نانا، بشخنکێم هەڵنایەم... بە دەنگی خۆم وەخەبەر هاتبووم، ئازای ئەندامم شەتڵی ئارەقە ببوو، ڕۆمانی حەمەدۆک لەولاوە زاری لێداپچڕیبووم، گلۆپەکەش بە ئاستەم سۆڵەی هاتبوو. دەنگی درگا، هاواری بۆ ژووری هێنابوو، زەردەی بەیان خەنەتیلکەی سەری "ناڵەشکینە"ی ڕاموسیبوو، درگام کردبۆوە بێزار لەگەڵ بۆنی بەیان پێینابووە دیوی ژووری: "خەبەر و باسی شەوي...؟"

قاقای کێشابوو! : "دەزانی لە دەست مەلەوانە ڕووتە چاکمان نەجات بوو"

- "... جا ئێمە بۆ؟!" قاقاکەی دووبارە کردبۆوە"

- "بەتەما بوو، شێعر و مێعر بۆ نانخۆرەکانی وەخوێنێ!"

- "خەوی لێ کەوتووە."

- "بە خۆڕایی ئەو پاکەتەی دە گیرفانت ئاخنیبوو."

چەند جارێک بێزار تووشی مامم هاتبوو بۆی گێرابۆوە چۆن لـــە خەونمدا گونجەی سەدەکە بەردرابوو، ولات...، بەلام مامم سەری ڕاوەشاندبوو زەردەخەنەی نەوەک (جارانی) دڵی کرمێ کردبوو. ئەویش پێی گوتبوو: "پێت خۆشە بزانی کامەیان سەردەکەون، کێ گونجەکە دەکاتەوە؟!" بێزار متەقی نەکردبوو. مامم، گوتبوی، سلاو لە ئاوەزتان! وەبەر منیش کەوتبوو.

من و بێزار، نەمانزانیبوو، کەی، کێ، خۆی هاویشتبووە نێو ئاوی سەدەکەوە! ئەوەم کەوتبۆوە بیر، مامم زۆر جار گوتبووی: "خۆزگە بەوانەی ئاگایان لە مەحموودی بێزەواڵ نیە!" ڕەنگبێ قەت وای بیر نەکردبێتەوە. (سابیر و مریەمە شێتی) نێو بازاڕیشی گرتبۆوە.

***

ئێوارێ بە ڕێکەوت لەبەر "دەکە"ی ڕۆژنامەفرۆشی شوانەدا بێزارم بینیبوو، سەری بە سەر ڕۆژنامەیەکدا گرتبوو، شوانە پاکەتێکی لە ڕەنگی ئاوی سەدەکەی دابوو بە دەستمەوە، هەڵم پچڕیبوو، وێنەی سێ چوار مەلەوانی ڕووتەی تێدا بوو، هەریەکەی هەشت نۆ کوولەکە "سەراوییان" بە شان و ملەوە بەستبوون، لەوە دەچوو پێیان گوتبێتن گونجەی سەدەکە بەردەن!

پشتی وێنەکەش مامم بە خەتی خۆی ئیمزای کردبوو، وەختێک سەرم بەسەر ڕۆژنامەکەی بەر دەستی بێزاردا گرت؛ پێم وا بێ هەر ئەو وێنەیەی تێدا بوو، وا بە دەست منەوە بوو.

## ئەستێرەیەک وەکوو...

لەمێژ بوو بە دڵ چاوەروانی دەرکەوتنی ئەستێرەکەیان دەکرد. چەند پشت، بەو هیوایەوە هاتبوون، هەر بۆیە شەو نەبوو چاوەڕوان نەبن؛ لە کاکێشان و ورد و درشتی ئەستێرەکان رادەمان. دەشیانزانی درەنگ یا زوو ئاخری چاویان بە ئەستێرەی هیوایان روون دەبێتەوە .

ئەوانەی لەچاوەروانیدا ئاوی ئەژنۆیان داهاتبوو لەپڕ دەستیان کرد بە سەما و هەڵپەڕکێ بە چەپڵەلێدان بە هووڕا کێشان!

ئەستێرەکە لە ئاسۆوە سەرکەوت.

تامەزرۆیان لەسەماکردن ماندوو نەبوون، ئەستێرەکەش تا دەهات نزیک دەبۆوە، نزیک و نزیکتر، ئیتر هەتا خۆی خستە نێو چاوانیانەوە. کەسێک لەمێژ بوو سەیری تامەزرۆیانی دەکرد، لەکاتی ئاویلکەداندا ئەوەندەی هێزی لەبەردابوو هاواری کرد :

بۆ لێم تێناگەن لەمێژە پێتان دەڵێم ئەوە ئەستێرەی کاروان کوژەیە، کاروان....

تاوهەڵات بە دووسێ دەستە بەنێو شاردا دەگەڕان. لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هاواریان کرد: خەڵکی شارو بازاڕ لادێنشینانی وەرزێر، لەسەر ئەمر و فەرمانی حەزرەتی والا! لە بەیانییەوە هیچ کەس بۆی نییە بە بێ کڵاو لە ماڵێ بێتەدەرێ !

سبحەینێ خۆرەتاو زۆر لەزەوی نزیک دەبێتەوە !

ئەوەی سەرپێچی لەفەرمانی حەزرەتی والا، بکات تاوی سبەینێ دەیسووتێنێ !

بەیانی ئەوەی لەماڵ هاتەدەرێ تەپلەیەکی لەسەردابوو. بەڵام ئەو رۆژە لە تاوهەڵات خەبەرێک نەبوو!

خولیا

ماموٚستا، چاوێکی له بەرۆکی دیوارەکان کردو بە دەم بزەیەکەوە سوورێکی بـە نێـو دیوەکـەدا لێدا، هەرچەندە تەنیایی وەڕەزی کردبوو بە خۆشحاڵییەوە لە دڵی خۆیدا گوتی:

«پێم‌وایە جارێ وێنەکێشان لەسەر بووم بەس‌بێ، با کۆتەڵێک ساز بکەم، پەیکەرەیەک بە دڵی خۆم پەیکەرەیەک بە بەژن و باڵـا وەک دایکـم، بـە قەڵـافەت بەقـەی خێـزانم، ئیتـر هـەروەختێ دادەنیشم، ئەی‌دوێنم، ئەرێ بـا ئـەو بیرەوەریـەکانی خـۆی بـۆ مـن وەگێـڕێ، باسـی خەمـەکانی! خۆشییەکانی، هەرچی لە ژیانیدا بەسەری هاتووە و دیتوویەتی با تەواویم بۆ وەگێڕێ، ئـاخۆم دەبـێ چەندەی مەراق لە دڵیدا بێ!

چەندە خۆشە کەسێک گوێت بۆ بگرێ، هاوخەمت بێ، تەنانەت دڵخۆشیش بە تەنیا چێـژ بـە مرۆڤ نابەخشێ، منیش گوێی لێدەگرم، ئەرێ گوێی لێدەگرم.»

ئەوشەوەی لە سازکردنی پەیکەرەکـە بـۆوە هـەر بسـکەی سمێڵـی دەهـات نـەختێک دوور کەوتەوە و زەردەخەندەیەکی بۆ کرد! درگای ژووری کارەکەی تەواو پێوە نەدا، لەبەرخۆیەوە گوتی:

تاکوو بەیانی تەواو وشک دەبێتەوە، پەیکەرەی مامزە جوانەکەم.

بەیانی زوو لە خەو هەستا، بە ویرەویر، روویی کردە ژووری کارەکەی، درگای تــەواو کــردەوە، یەکسەر چوو بۆلای پەیکەرەکە؛ لە جێی خۆی واقیوڕما! ئەمە چی بەسەر چییەوەیە، شەو ئــەوەی دروستی کردبوو شتێکی دیکە بوو، ئەی ئەمە چییە؟! ســەیرێکی دەوروبــەری خــۆی کــرد، هــەموو شتێک لەسەر جێی خۆیی بوو، زۆری بیر کردەوە، سەری سوورِ مابوو، نەیدەزانی لــە کوێــدا هەڵــەی کردووە:

«مەگەر من کۆتەڵی مامزم تەواو نەکرد؟ ئەمە چەند ساڵە بە ئــاواتی پەیکەرەیەکــەوە بــووم، لەمێژ بوو ئەم حەزە لە دڵمدا بوو، ئەی ئەمە بۆ وایە؟» بە سەرپەنجەی ئامــاژە، نــەختێک لاجــانگی خۆی خوراند، قۆڵی لێهەڵماڵی مامزەکەی لەسەررِا تێکداوە، هەمدیسان ســازی کــردەوە، وەختــێ کارەکەی تەواو بوو دایپۆشی و بەجێی هێشت، ئەو شەوە بە دەم فکر و خەیاڵەوە خەوی لێکــەوت، بەیانی هاتەوە و پەردەی لەسەر لادا، هەرئەوەندەی چای بە کۆتەڵ کەوت، بــە لــەز چەنــد هــەنگاو کشا دواوە! مامزی چی، شینەورچێک ئینسان بە دیتنی زراوی دەچوو، بۆ چەند چرکەیەک تێیڕامــا، ئەوەندەی سەری هێنا و بردی نەیزانی هۆی ئەمکارە چییە، دیسان تێکیدایەوە و سەرلەنوێ ســازی کردەوە، ئەمجارە داینەپۆشی، کەلو کونی لە ژوورەکە برِی، ماندوو خەیاڵاوی رووی کــردە مزڵــی حەسانەوە، بەدەم بیر کردنەوە لەسەر جێگەی خەوەکەی ڕاکشا:

«بە تەمەنم شتیوام نەدیوە، خەڵک بە دیتنی کارەکانم شاگەشکە دەبن، لــە هــەموو جێیــەک باس باسی کار و شێوەکاری منە! کەچی نازانم ئەمکارەم بۆ ئاوای لێــدێ، خــەتا لــە منــە یــان لــەو شتانەی بۆ سازکردنی پەیکەرەکــە بــەکاری دەهێــنم، نــازانم، خۆشــم ســەرەندەر ناکــەم، ئەمــە چ ڕازێکە.»

بەیانی زووتر لە جاران خۆی گەیاندە کارگەکەی، بە ئارامی چووە ژووریێ، سەیری پەیکــەرەی مامزی کرد، لە جێی خۆی وشک بوو، بە تووندی درگای لەســەر خــۆی پێــوەدا و لەســەر کورســیلە تایبەتەکەی دانیشت، بە توورِەییەوە چاوێکی لە پەیکەرەکە کرد: «تێناگەم، یان من کار کــردنم لــە بیر چۆتەوە، یان چاوم باش نابینێ، دەنا ورچی چی و شتیچی، هەر لە بەریپێتەوە بــە مــامزت ســاز دەکەم بەڵام، نازانم بۆچی بە ورچ دەردەچێ؟»

مامۆستا، دەستبەردار نەبوو، هەر شەوێک لە سازکردنی پەیکەرەکە دەبۆوە بە حەز و تاسەوە بە هیوای بەیانی ژووری کارەکەی بەجێ دەهێشت، هــەمووجارێ هــەتا شــەو شــەق دەبــوو کــاری دەکرد. شەوێک بە نییەتی دایکی ئــەم کــارەی دەکــرد، شــەوێک بــە نییــەتی خێــزانی، ســەرەڕای زەحمەتەکانی لە هیچ کەرەسەیەک بۆ کارەکەی درێخی نەدەکرد.

ئەوشەوە شەوێکی بەرزەباڵای پاییز بوو، مامۆستا لە کاربۆوە دەســتو پلــی شووشــت، زۆر بــە ئاسوودەیی رۆیشت بۆ ژووری نووستن هەتا خەوی لێکــەوت، بــیری کــردەوە، ڕەنجــی ئــەمجارەی

بەزایە نەچێ، بەیانی مامزێکی جوان لە کارگەکەیدا سەرنجی ڕابکێشێ بیدوێنێ، دڵخۆشی بزە بخاتە سەرلێوی، هاودەمی ڕۆژ و شەوانی بێت، لە خۆشیان پەپوولەی خەندەلەسەرلێوی بنیشێ، خەڵکیش سەریان سووڕ بمێنێ!

لەپاش چەند کاتژمێر خەو بەیانی هێور هێور چوو بۆ کارگەکەی، بەڵام ئەمڕۆ وەک ڕۆژانی پێشوو نەبوو، کرو دەستکردی مامۆستا، واتە مامزەکە، ببوو بە ورچێکی زەبەلاح و تیسکن! مرۆ بە دیتنی زەندەقی دەچوو، مامۆستا لەبەرخۆیەوە سەرێکی لەقاند و لێوی خۆی بە ددانی گەزی، بەبێ سێ و دوو لێکردن چوو ئاوێنەیەکی باڵانوێنی هێنا و لە بەردەم ورچەتیسکنەدا ڕایگرت، قەدرێکی باش ئاوێنەی بۆ دێرا، ورچ دوای تێڕامانێکی زۆر لە پاش بۆڕەیەک بە تاڵۆکە هات و بە تەنیشت مامۆستادا بۆیی دەرچوو!

گەڕانەوە

-کوڕم چەند بەردێک فڕێدە سەر ئەم کەڵەکە بەردە! ئەها ئاوا چاو لە دایکی خۆت بکە، وەکوو من!

دایک و کوڕ چەند بەردێکی پڕ بە مستییان خستە سەر کەڵەکە بەردەکان!

-دایە، کەڵکە پیرێژن یانیچی؟

-کوڕەی خۆم تۆ چکارت بەمپرسیارە داوە! ئەوەندەی لێرەوە هاتی بەردێک و دووان بخە سەر کەڵکە پیرێژن و بڕۆ! منیش وەختی خۆی دایکم هەر ئەوەندەی پێ گوتووم؛ کەم بزۆز بە، هێندە پرسیار مەکە!

ئەوشەوە کوڕێژگە هەتا خەو بەلایدا برد بیری لە کەڵکە پیرێژن کردەوە:

-نە بابم پێمدەڵێ شمشێرەشکاو یانیچی؛ نە دایکیشم کەڵکە پیرێژن. ئەم شمشێرەی لە پەڕۆ و پاڵ پێچاوە و لەلای سەروویی ژوورەکە هەڵیپەساردووە. هەر دەڵێ: ئەمە تێخی پیرۆزە و نابێ کەس دەستی لێبدات! کوێر دەبن! بابم هەمیشە بیری لەکن شەخسەکەیە، خزمەتی دەکا، منیش لەگەڵ خۆی دەبا بۆ مەزارگەکە، دەڵێ، هەرکەس خزمەتی ئەم شەخسە بکا، خودا لە هەموو

بەڵایەک دەیپارێزێ! هەر لە کۆنەوە، پشتاوپشتی ئێمە شەخسەوان بوون، ئـەم شمشـێرەش وەکـوو ئەم مەزارگەیە پیرۆزە! پیرۆزە پیرۆزە!!!

ئەی ئەگەر ئەم کەڵکەپیرێژنە پیرۆزە بۆ ئـەم هـەموو بـەردەی دەخەنـە سـەر؟! ئـاخر چـی پیرۆزە، نابێ من بزانم، پیرۆزە پیرۆزەیانی چی، ئەوان کەیفی خۆیانە، خۆ من منداڵەکەی ساڵان نـیم، نابێ بزانم بۆ ئەم هەموو بەردە بۆکەڵەکە کراوە؟! بۆ دەبێ هەرکەس بەمڕێگایەدا ڕابـبرێ، بـەردی بخاتەسەر؟ بەردێک زیاتر بخاتە سەر کەڵەکی گەورە، دایکیشم هەموو چوارشەممان لەگـەڵ ژنـان دەچنە سەر چاکی (چاکەچکۆلە) دایکم دەڵێ، هەرکەس بـەرد نەخاتـە سـەر کەڵـکەپیرێژن، کـوێر دەبێ! خوشکم دەڵێ: ئەوەنییە ئەم کێلانە وێنەی دوو چـاوی کوێریـان بـە سـەرەوەیە؛ ئەمانـەش بەردیان نەخستۆتە سەر ئەم کەڵەکە! حەتمەن ئەوانیش دەستیان لە تیخی پیرۆز داوە!

× × دایەگیان، بابت لە ماڵ نییە تازە

تۆش باڵغ بوویی، ئەم مریشکە بۆ دایکی خۆت سەرببڕە.

وەبیری هاتەوە ئەو ڕۆژە لەسەر قەبران مامۆستا چی‌گوتبوو:

هەردوو باڵی مریشکە ڕەشەی گرت و روویی کردە قیبلە چەقۆی لەسەر ملی ڕاگرت:

-ئەی مریشکی کچی مامر، تۆ لەم سەعاتەوە مردوویی! دوو باڕۆکە بـۆ پرسـیار و وڵـام دێنـە سەرینت! لە جوابی پرسیاری ئەواندا بڵێ: تەواوی کەڵەشێر و کەڵەبابی ئەم دنیایـە بـرای دایـک و بابی منن! هیچ مەترسێ و مەشڵەژێ، وڵامیان بدەوە.

-بە دەنگی مامۆستا، سـەری بـەرز کـردەوە، ئـەو لەبـەر پەنجـەرەی ژوورەکـەی خـۆی بـە تووڕەییەوە گازی کرد:

-نابێ بفامی دەڵێی‌چی، کافر دەبی، بڵێ تۆبە! بڵێ تۆبە!

× × ×

لەمێژ بوو لە شمشێرەکەم دەڕوانی، قسەکانی بـابم لـە گوێمـدا دەزرینگایـەوە: کـوڕم ئەمـە شمشێری کاکەچکۆڵەیە (چاکە چکۆلە) گوناحە نابێ منداڵی نابالغ دەستی بۆبەرێ! منیش ئەمەم لە باب و باپیرانەوە بیستووە، هەروەختێ بوویی بە پیاو تۆش بەرگێکی سـەوزی تێبگـرە و دایبنـێ بـۆ عەولادەکانت!

-ئەی، بابە بۆ پێی‌دەڵێن شمشێرە شکاوی کاکەچکۆلە؟

-دەڵێن لە شەڕی گاوراندا نووکی پەڕیوە، منیش هەر ئەوەندەم بیستووە.

-بابە، تۆ دەزانی کەڵکە پیرێژن یانی‌چی؟

-ئەوەندەم بیستووە، دایک و کوڕ بوون! لەقسان بە یەکەوە تووشی زیناح بوون!

شەو و رۆژ بیری لێدەکەمەوە: شمشێری کاکەچکۆلە، کەڵکە پیرێژن، لە ترسی بابم ناوێرم دەست بۆ شمشێرەشکاو بەرم، نا، نەکوو کوێر بم دەستی لێنادەم! رۆژی جارێک دەچم لە نزیکەوە سەیری کەڵکەپیرێژن دەکەم، دایکم دەڵێ بەردی بخەسەر دەنا کوێر دەبی، منیش جاران ئەمکارەم دەکرد. نازانم بۆ پێمخۆشە بچم لە نزیکەوە لە کەڵکە پیرێژن بڕوانم، بەڵام حەز ناکەم بەردی پێدا بدەم، لەبیرمە جارێک کاکە میرزا دەیگوت: کەڵکە پیرێژنی چی، ئەمە درۆیە، هەر بۆ ئەوەی ئەم ڕێگاوبانە ئەم کێڵگەیە خاوێن بکەنەوە ئەم فێڵەیان سازکردووە! هەر ئەو دەیگوت، ئەم شاخ و کێوە سەردەمانێک گاور و داسنی لێبووە! ئەمیش نەیگوت گاور و داسنی یانیچی، منیش نازانم، ڕەنگبێ میرزاش نەزانێ، یان دەزانێ و پێمناڵێ، دایکم دەڵێ: قەت لە نزیک گوڕستان نەخەوی، خراپە! من ئێستاش نازانم بۆچی خراپە، خراپ چییە؟! ئەی بۆ ئێوارەکە لە نزیک کەڵکە پیرێژن خەوتم،بۆچی خراپ نەبووە؟ ڕەنگە خراپ بووبێ و من نازانم خراپ یانیچی؟!

ژنێکی سپیپۆش لە کەڵکە پیرێژن هاتەدەرێ! نازانم ژن بوو یان پیاو، بڵێی چاکە چکۆلە نەبووبێ؟ خۆ زۆریش لە دایکم دەچوو، هەر دەیگوت: لە خەو هەستە بچۆ ئەم قەبرە کۆنە بدەوە، ئەم گۆڕە ڕۆچووە بڕۆ بیکۆڵە!

× × ×

-دایە! دایە! دۆزیمەوە! دوزیمەوە؟!

-چی چیت دۆزییەوە؟!

-نووکی شمشێرەکەی چاکەچکۆلە!

-کوڕی خۆم بخەوە حەتمەن خەونت دیوە بەیانی چوارشەممەیە لەگەڵ دایکی خۆت دەچین بۆسەر چاکەچکۆلە لێیدەپاڕێمەوە دۆعات بۆ بکا بەشکەم نەختێک ئاقڵ بی!

1390/8/11-